# جیهانگیری لیبرالیزمی نوێو

# بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری



نوسینی: نزار عبدالله

2002

## ڕوونكردنەوە

ئەو نووسینەی لێرەدا دەیخوێننەوە لەبڵاوكراوەی "پەیامی كۆمۆنیزم"دا بەكۆمەڵێك بەش بڵاوبۆتەوە. یەكەم بەشی لەمانگی تەمووزی 2001دا لەژمارە ( 32 )دا بڵاوكرایەوەو بەشەكانی تری بۆ ژمارەكانی پەیام ئامادەكراوەو لەژمارە( 40 )دا دوابەشی بڵاوبۆوە. هەڵبەت هیوام وابوو، وەكو لەكۆتاییەكەیدا باسم كردووە، ئەو نووسینە درێژە پێبدەمو بچمە سەر هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداریو ئاسۆی گەشەو پێشڕەوییەكانی، بەڵام بەهۆی نەبوونی فرسەتو تەنگەبەری بواری خوێندنەوەو موتابەعەكردنم نەمتوانی ئەم بەشە ئامادەبكەم.

دیارە بڵاوبوونەوەی زنجیرەیی ئەو باسە ئەویش لە پەیامدا كەمانگی جارێك دەرچووە وەكو ئەوە نییە تێكرا پێكەوە وەكو نامیلكەیەك بڵاوبێتەوە، بۆیە بە پێویستم زانی ئەو كارەبكەمو بابەتەكە بێدەستكاریەكی ئەوتۆ بڵاوبكەمەوەو لەكۆتاییشدا ئەو سەرچاوانە بنوسمەوە كەبۆ نووسینو ئامادەكردنی ئەم بابەتە كەڵكم لێوەرگرتووە.

**نزار عبدالله**

**ئەیلولی** 2002





# جیهانگیری،
# لیبرالیزمی نوێو
# بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری!

باسێكی گەرمی ناو كۆڕو ناوەندە سیاسییەكانی دنیا باسە لەسەر جیهانگیریو لیبرالیزمی نوێو بزووتنەوەكانی دژ بە سەرمایەداری(ئەنتی كاپیتالیزم). وەكو سەرەتایەك بۆ چوونە ناو ئەو جەدەلو باسانەوە، هەوڵ دەدەم لەم ووتارەدا، لە ڕوانگەی ماركسیزمو بەپشت بەستن بە میتۆدۆلۆژی ماركسیستیو بۆچوونو لێكدانەوەكانی بزووتنەوەی ماركسیستی دنیای ئەمڕۆ سەبارەت بەو مەسەلەیە، منیش بەشدارییەك بكەم.

### لەكۆمەڵە سەرەتاییو داخراوەكانەوە ڕووەو كۆمەڵگایەكی جیهانی

زیاتر لە 10هەزار ساڵ بەسەر دروستبوونی كۆمەڵە مرۆییەكاندا تێپەڕ دەبێ. هەر لەسەرەتاوە انسانەكان لە شوێنە جۆراوجۆرەكانی گۆی زەویدا سەرچاوەیەكی ئاوو خۆراك، ژینگەیەكی گونجاوو بێمەترسی، سەرپەنایەك بۆ حەوانەوەو گوزەران، زەوییەك بۆ كێڵانو كشتوكاڵ كردنیان شك بردبێ لەوێدا لەكۆمەڵێكی مرۆییدا ژیاونو كردوویانە بەبنەمایەك بۆ پاراستنو بەردەوامبوونی، بەهەزاران كۆمەڵی مرۆیی دروست بوونو بەهەزارانیش لەنێو چوون.

ئەو كۆمەڵانەی توانیان بمێننەوەو گەشە بكەنو لەگەڵ مێژوودا بڕۆن، ئەوانەبوون كە پشتیان بەست بە بەرهەمهێنانێكی پایەدارو درێژماوەو زەوییان كرد بە سەرچاوەی بەروبوومە ماددییەكانو هۆیەكانی ژیان.

دابڕانو دەست نەگەیشتنی کۆمەڵە مرۆییەکان بەیەکتری‌و نەبوونی پەیوەندی‌و لێکەوتی نێوانیان واقعێکی زاڵو بابەتیانەی دەورەیەکی درێژی مێژوویی بووە.

گەشەی بەرهەمهێنانو تەکنیكو زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوانو بڵاوبوونەوەو فراوانبوونەوەی کۆمەڵە مرۆییە جۆراوجۆرەکانو پێویستی زیاتر بەسەرچاوەکانی دابینبوونی ژیان، زەمینەی مادیی‌و بابەتی پەیوەندی‌و لێکەوت‌و ئاشنابوونو تێکەڵاویی‌و ئاوێتەبوونی کۆمەڵە مرۆییەکانی بەدیهێنا. لەپرۆسەیەکی مێژوویی دوورو درێژو پڕ ئازاردا پەیوەندی‌و لێکەوتی کۆمەڵە مرۆییەکان (شێوەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییان هەر جیاوازی‌یەکی هەبووبێت) بەرەوپێش چوو، ئەو بەرەو پێشچوونە لەگەڵ کۆسپ‌و تەگەرەی بابەتی‌و ماددیی گەورە بەرەوڕوو بووە.

ئەو کۆمەڵانەی لێك نزیك بوونو لەناوچەیەكو پانتاییەکی یەکانگیردا ژیاون خێراتر توانیویانە دەستیان بەیەك بگاو یەك بگرنو تێکەڵاوبن(جائەو یەکگرتنو تێکڵاوبوونە لەئاکامی شەڕو ململانێی نێوانیانەوە بووبێ یان پێویستی‌یە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە سەپاندبێتی).

لەئاکامی ئەو گەشەکردنو پەرەسەندنانەدا سەدانو هەزاران کۆمەڵی مرۆیی دابڕاو لەیەك لە ناوچە فراوانەکاندا بوون بەیەكو لەدرێژەی ئەوەشدا ئیمپراتۆری‌یەتە مەزنە ناوچەیی‌یەکان پێکهاتوون.

ئەو ئیمپراتۆریەتانە دەسەڵاتیان پانتایی‌و فراوانی‌یەکی هەرچەند بووبێ ئەوەنەبوون خۆر تیایاندا ئاوا نەبووبێت (لەچەشنی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی کە بەناوبانگ بوو بەوەی، بەهۆی ڕووبەرە فراوانەکەیەوە، خۆر تیایدا ئاوانابێت)، بۆئەوەی کۆمەڵێکی ئاوا گەورەو ڕووبەر فراوان دابمەزرێت، پێویست بوو گۆڕانو ئاڵوگۆڕی گەورە لەهێزەکانی بەرهەمهێنانو ئاڵوگۆڕو ئاستی تەکنیكو زانستی مرۆڤایەتی‌دا بەدی بێت. بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك هەرچەند لەئاستێکی پەرەسەندوودا بووبێ، زۆری بەروبوومەکانی نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی بتوانێ وەڵام بەپێویستی‌یەکانی کۆمەڵێك یان چەند کۆمەڵێکی تر بداتەوە، بەکارهێنانی هۆیە





سروشتی‌یەکان بۆگواستنەوە لەووشکانی‌دا(ئاژەڵەکان) توانایی ئەوەیان نەبوو کیشوەرە پانو فراوانەکان ببڕن، دارە مەزنەکانو دروستکردنی کەشتی‌یە داری‌یە چارۆکەدارەکان تا بەهێزی با بڕوات نەیدەتوانی هۆیەکی فەعالو چالاكو دڵنیا بەخش بێ بۆ گواستنەوەی هەمیشەیی‌و بەردەوام.

بەو ڕادەیەی کۆمەڵە مرۆیی‌یەکان لەئابوری سروشتی‌یەوە بەرەو ئابوری پیشەسازی چوون بەهەمان ڕادە توانیویانە پەلبهاونو پانتایی بوونو دەسەڵاتیان فراوان بکەنەوە.

بەرهەمهێنانی پیشەسازی (کە بەحوکمی مێژوو شێوەی بەرهەمهێنانی کالایی بەسەریدا زاڵ بووە) لەزاتی خۆیدا پێویستی گۆڕینەوەی کاڵاکانی لەنێوان کۆمەڵە ئینسانی‌یە لێك جیاکاندا سەپاندووەو بەدەوری خۆیشی پێویستی گەشەی ئەو جۆرە لە بەرهەمهێنانو کار دابەشکردنی کۆمەڵایەتی هێناوەتە بوون. هەر هەنگاوێك لەگەشەکردنی زانست‌و بەرهەمهێنانی پیشەسازی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تەکانێکی‌تر بووە ڕووەو دەرچوون لەدابڕاوی‌و کەنارەگیری‌و داخرانو پەرتەوازەیی.

بەڵام بەواقعی ئەوەی زەمینەی فعلی‌و خێرای دامەزراندنی کۆمەڵێکی جیهانی فەراهەم کرد گەشەکردنی زانست‌و تەکنیکی بەرهەمهێنانو دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێی ووزەو سەرەنجام دامەزراندنی پیشەسازی قورس بوو. نهێنی‌یەکانی ئەو ئاڵوگۆڕە گرنگ‌و مێژووییانەی لەدوو سەد ساڵی ڕابردوودا لەکۆمەڵی مرۆڤایەتیدا ڕوویان داوەو تێکڕا کردوویانە بەسەرەتایەکی گرنگ بۆ دامەزراندنی یەك کۆمەڵی یەکپارچەی جیهانی، نهێنی‌یەکانی ئەوە لەخودی پیشەسازی قوورسدایە، کە ئەویش خۆی بەرهەمی ڕەوتێکی دوورو درێژی گەشەکردنی زانست‌و تەکنەلۆژیاو دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێی ووزەو گەشەی شێوەی بەرهەمهێنانی کالایی‌و کاردابەشکردنو سیستمی مانیفاکتۆرە بوو.

## سەرمایەداریو پیشەسازی نوێ

بەڵام ڕەوتی گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵی بەشەری لەقۆناغە سەرەتاییو نزمەکانەوە بەرەو قۆناغە باڵاترو پەرەسەندووترەکان تاکو ئەمڕۆ ـــ جگە لەکۆمۆنەی سەرەتایی ـــ لەچوارچێوەی کۆمەڵە چینایەتی‌یەکاندا بووە(کە دیارە باسکردن لەڕیشەو هۆیەکانی ئەوە ئامانجی ئەم ووتارە نی‌یە).

پێش ڕژێمی سەرمایەداری، کۆمەڵگا چینایەتی‌یەکانی پێشوو(کۆیلایەتیو دەرەبەگایەتی) هەرچەندە قۆناغێکی گەشەکردنی مێژوویی گرنگ بوون بەرەو کۆمەڵی گەورەترو مەزنتر، بەڵام هیچیان سیستمی زاڵی گشت کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نەبوونو نەشیان دەتوانی بەو ئاستە لەبەرهەمهێنانو تەکنەلۆژیاو (هۆیەکانی گەیاندنو گواستنەوە)و ئەو ڕێژەیە لەدانیشتوان، ببن بەکۆمەڵێکی سەرتاپاگیر(چ جای جیهانی) لەسەر گۆی زەوی. لەبەرئەوە کاتێك بۆ نموونە دەرەبەگایەتی جێگای ڕژێمی کۆیلایەتی گرتەوە، لەزۆر شوێنی دنیا بۆماوەی چەندین سەدە دوای ئەوە کۆمەڵی کۆیلایەتی لەهەندێك شوێنی دنیا درێژەی کێشا، تەنانەت کۆمۆنە سەرەتایی‌یەکان(کە چینایەتی نەبوون) لەشوێنە دوورەکانی گۆی زەویدا لەجێگای خۆیان مانەوەو درێژەیان هەبوو.

بەڵام سیستمی سەرمایەداری کە لەهەناوی دەرەبەگایەتی‌یەوە سەری هەڵدا شتێکی تر بوو. گەشەکردنی پیشەسازی لەڕێگەی شێوەی بەرهەمهێنانی ئەو ڕژێمەوەو دواتر دامەزراندنی پیشەسازی قورس دوای شۆڕشی پیشەسازی یەکەم ئاڵوگۆڕی ئێجگار گرنگی لەشێوەی بەرهەمهێنانو گۆڕینەوەو پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یە ناخۆییو جیهانی‌یەکاندا بەدی هێنا. ئاکامێکی ڕاستەوخۆو کاریگەری پیشەسازی قورس گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکانو زیادبوونی سەرسوورهێنەری بەرهەمەکانو هۆیەکانی گۆڕینەوەو گواستنەوە بوو. بەکارهێنانی ماشێنەکان لەپرۆسەی بەرهەمهێنانو گۆڕینەوەو گواستنەوەدا هەم بەروبوومە ماددی‌یەکانی بەلێشاو خستە بازاڕەوەو هەم گەیاندنی ئەوانەی بەدوورترین شوێنەکانی دنیا فەراهەم کرد. لەبری بەکارهێنانی هۆیە سروشتی‌یەکانی گواستنەوە هێڵەکانی ئاسن لە





ووشکانی‌دا بەخێراترینو کاراترین شێوە بەرهەمو کاڵاکانی بەدوورترین شوێنەکانی دنیا دەگەیاند، لەبری کەشتی‌یە چارۆکەدارەکان، کەشتی‌یە مەزنە هەڵمی‌یەکان پانتایی ئۆقیانووسە گەورەکانی لەمسەر بۆ ئەوسەری دنیا دەبڕی، وەسەرەنجام گەشەی هۆیەکانی گواستنەوە دروست کردنو داهێنانی فڕۆکەکانی بەهەموو جۆرەکانی‌یەوە هێنایەبوون. هەڵبەت هەر بەهۆی پیشەسازی قورسەوە توانرا ووردترینو دەقیقترین ئامێرەکان بەرهەم بهێنرێو بکرێ بەکەرەستەی کەشتی‌یە ئاسمانی‌یەکانو هەڵسان لەزەوی‌یەوە بەرەو هەسارەکانی تری گەردوون.

ئەو ئاڵوگۆڕانەی سەرەوە نەك هەر پێکهاتی کۆمەڵایەتیو ژێرخانو سەرخانی کۆمەڵگاکانی ئەوورووپای بەتەواوی گۆڕی، بەڵکو گەورەترین ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاری لەتەواوی جیهاندا بەدی هێنا. ئەو ئاڵوگۆڕانە هەموو کۆمەڵە مرۆیی‌یەکانی گۆی زەوی پێکەوە گرێدایەوەو باڵادەستی تەواوی کۆمەڵگا پیشەسازی‌یەکانی بەسەر دنیادا سەقامگیر کرد.

## مارکسیزمو جیهانی بوونەوەی سەرمایەداریو شۆڕشی سۆشیالیستی

پێش سەرهەڵدانی مارکسیزم زۆرینەی ڕەوتو قوتابخانە فکریو سیاسی‌یەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بەتایبەتی سۆشیالیستە خەیاڵی‌یەکان، پێشبینی ئەوەیان کردبوو ڕژێمی سەرمایەداری ڕژێمێکی جیهان داگرەو بەخێرایی شێوەی بەرهەمهێنانو ئاڵوگۆڕو پێکهاتی کۆمەڵایەتی هاوتای ئەوە سەرجەم جیهان دەگرێتەوەو کۆمەڵە مرۆیی‌یەکانی تر ناتوانن لەبەرامبەریدا بەرگری لەخۆیان بکەن.

بەڵام ئەوەی کە پێشبینی‌یەکانی مارکسو ئەنگلسو بەگشتی مارکسیزم لەو بۆچوونو لێکدانەوانەی تر جیادەکاتەوە ئەوە بوو کە ئەوان بەشێوەیەکی زانستیانەو بەپشت بەستن بەبەڵگە هێنانەوەی زانستیو یاساکانی گەشەو جووڵانەوەی خودی سەرمایەداری سەلماندیان سەرمایەداری ڕژێمێکی جیهانی‌یەو شێوەی بەرهەمهێنانو ئاڵوگۆڕو ژیانی کۆمەڵایەتیو

سیاسی ئەو ڕژێمە هەموو جیهان دەگرێتەوەو کۆمەڵەکانی پێشوو (دەرەبەگی، یان کۆیلایەتیو پاشماوەکانی، کۆمۆنە سەرەتاییەکانی گۆشەو کەنارە دوورەکانی کیشوەرەکان بێ یان هەر شێوەو پێکهاتێکی کۆمەڵایەتی تر) بەخێراییەکی سەرسووڕهێنەر لەبەین دەچنو توانای بەرگرییان نامێنیو لەئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕانەشدا یەك کۆمەڵی جیهانی هاوچەرخ دادەمەزرێ.

ئەگەرچی مارکسو ئەنگلس تەنانەت لەنووسینە سەرەتاییەکانی خۆیانداو پێش دارشتنی مانیفێستی کۆمۆنیست لەساڵی 1848دا ئەو پێشبینییە زانستییانەیان خستە ڕوو، بەڵام هاوکات ئەوان مژدەدەری جیهانی بوونەوەی سەرمایەو سەرمایەداری نەبوون، وەکو ئەوەی بیریارانی لیبرالیزمی نوێو تیۆریسێنەکانی جیهانگیری ئیدعای دەکەنو ئەو درۆ شاخدارە بۆ مارکسیزم هەڵدەبەستن.

لەواقعدا مارکسو ئەنگلس بەڕۆشنی ئەوەیان ڕوون کردەوە کە چینی کرێکار ڕۆڵەی ڕاستەقینەی پیشەسازی نوێیەو تەواوی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی پشتی بە هێزی کاری ئەم چینە لەڕژێمی سەرمایەداریدا بەستووە. پێ بەپێی پەرەسەندنو گەشەکردنی پیشەسازی نوێ زۆرینەی کۆمەڵ دەبێت بەکرێکارو خەسڵەتی بەرهەمهێنان بەتەواوی کۆمەڵایەتی دەبێتەوەو لەگەڵ شکڵی خاوەندارێتی تایبەتی بۆرژوازیدا دەکەوێتە ناکۆکییەوە، ئەو ناکۆکییە گەورەیە چەندین قەیرانو ئەزمەی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە کە تێکڕا دەبێت بەزەمینەیەکی ماددیو بابەتیانە بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی جیهانی دژی سەرمایەداری، "مانیفێستی کۆمۆنیست" هیچ نەبوو جگە لەلێدانی زەنگی بەرێکەوتنی ئەو شۆڕشە جیهانییە دژی ڕژێمێکی سەرمایەداری جیهان داگر.

بەو پێیە مارکسیزم مژدەدەری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوو دژ بەسەرمایەداریو بۆ دامەزراندنی سۆشیالیزم. هەر لەم ڕوانگەیەوە مارکسو ئەنگلس بەتووندی دژی سیاسەتەکانی ڕژێمی سەرمایەداری لەووڵاتە داگیرکراوو کۆلۆنیال کراوەکاندا وەستانەوە





کە بەزۆرو لەڕێگەی شەڕێکی نایەکسانو ناعادیلانەوە دەیویست ئەو کۆمەڵە دواکەوتووانە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو تاڵانو بڕۆی بکا.

ئەوان بەڕۆشنی ئەوەیان دەبینی کە زەمینە واقعیو بابەتییەکانی دامەزراندنی کۆمەڵێکی جیهانی پشت بەستوو بەئازادیو یەکسانیو خاڵی لەچەوسانەوەی انسان لەلایەن انسانەوە بەدی هاتووە. لەبەرئەوە ئەوپەڕی هەوڵو توانای خۆیان خستەگەڕ تاشۆڕشی سۆسیالیستی لەئەورووپادا بەسەرکەوتن بگاو پێش بەجیهانی بوونەوەی سەرمایەداری واتە پێش بە چەوسانەوەی وەحشیانەی هێزی کارو کۆیلەیەتی کاری بەکرێی زۆرینەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بگرێ. ڕووخانی سەرمایەداری لەئەورووپاداو دامەزراندنی سۆشیالیزم لەجێگایدا، هەنگاوێکی مێژوویی گەورەبوو بۆ ڕزگارکردنی گشت مرۆڤایەتیو کۆمەڵە مرۆییە دواکەوتووەکان لەچنگ ڕژێمێکی چینایەتی نوێو چەوسانەوەو ناعەدالەتییەکانی، تەنانەت ئەنگلس بەڕۆشنی ئەوە وورد دەکاتەوە کە دامەزراندنی سۆسیالیزم لەئەورووپادا هەنگاوێکی گرنگە بۆ دامەزراندنی ئەو ڕژێمە لە هەموو دنیادا. بەڵام هاوکات ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ڕژێمی سۆسیالیستی سەرکەوتوو لەئەورووپادا بەزۆرو لەڕێگەی توندوتیژییەوە کۆمەڵە مرۆییەکانی دەرەوەی ئەورووپا لەووڵاتانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکاو ئوستڕالیا ناخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵکو دیالۆگی نێوانی نەتەوەو ووڵاتە جیاوازەکان دەگرێتە بەرو هەوڵ دەدات لەڕێگەی وەڵامدانەوە بە پێویستییە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانیانەوە ڕێگریو کۆسپی بەردەم دامەزراندنی یەك کۆمەڵی جیهانی سۆسیالیستی تێك بشکێنێ.[1]

بەڵام نائامادەییە سیاسیو چینایەتییەکانی چینی کرێکارو بەرپانەبوونی شۆڕشی سۆشیالیستی لەئەورووپادا، دەروازەیەکی فراوانی کردەوە بۆ جیهانیبوونەوەی سەرمایەداریو زاڵبوونو باڵادەستی ووڵاتە پیشەسازییەکانی ئەورووپا بەسەر گشت دنیادا. هەر هەنگاوێك لەفراوانبوونەوەو گەشەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریو جێگیربوونی

[1] بۆ نموونە بڕوانە نامەکەی ئەنگلس بۆ کارل کاوتسکی لەبەرواری 12 ئەیلوولی 1882 دا.

لەوولاٌتە جۆراوجۆرەکاندا بەحەمامێکی خوێندا تێپەڕبوو! سەرمایەداری نەك هەر لەناوك بڕینی خۆیدا لەگەڵ ئازارو خوێندا لەدایك بوو بەڵکو لەفراوانبوونەوەشدا ئازارو خوێنێکی لەوەش گەورەتری بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خولقاند. بەگەیشتنی سەرمایەداری بەقۆناغێکی بالاٌتر(ئیمپریالیزم)، جەنگەکان، تالاٌنو بڕۆی وولاٌتە داگیرکراوەکانو بەرهەمهێنانی چەکە قورسو کۆمەڵ کوژەکان، کۆیلایەتی ناو سەربازگەکانو ... تاد، بوو بەکارنامەی هەمیشەییو بەردەوامی ئەو ڕژێمە لەسەرتاسەری دنیادا.

## شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەڕووسیادا

سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەڕووسیادا لەمانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917دا گورزێکی کاریگەربوو لەڕژێمی سەرمایەداریو ئیمپریالیزم. بەخێرایی کاریگەرییەکانی ئەو شۆڕشە هەموو دنیای گرتەوە. ئومێد بەوەی ڕووسیاو ئەورووپاو گشت کۆمەڵە مرۆییە جیاجیاکان لەسەرتاسەری گۆی زەویدا لە سەرمایەداریو چەوسانەوەی چینایەتیو شەڕو داگیرکاری ڕزگاری بێ بەخێرایی بوو بە بنەمای  جوولاٌنەوەیەکی گەورە بۆ پشتیوانیو پارێزگاری لەو شۆڕشە. بەتایبەتی وولاٌتانی کۆلۆنیالکراوی ئاسیا ئومێدێکی گەورەیان بەو شۆڕشە هەبوو وە بەشکڵو شێوەی جۆراوجۆر هاوپشتیو پیشتیوانی خۆیان دەربڕی. ئەو پشتیوانیو پێشوازییە گەورەیە بەتەواوی ئەوەی ڕوونکردەوە بەرپاکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی زەمینەیەکی ماددیو جیهانی گەورەی هەیەو لەحاڵی سەرکەوتنیدا مرۆڤایەتی بەخێرایی چارەنووسی خۆی بەچارەنووسی ئەو شۆڕشەو ڕژێمی سۆسیالیستییەوە گرێ دەداتەوە. هۆی ئەمە ڕۆشن بوو، ئازارو خوێنەکانی سەرمایەداری لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیادا بەڕادەیەك گەورە بوو کە ئاسۆو ئامانجی سۆسیالیستی کردبوو بەپێویستییەکی هەنوکەییو دەسبەجێی کۆمەڵە مرۆییە جیاجیاکان.

بەلاٌم سەرنەکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەهۆی دژە هێرشی سەرمایەداری ناوخۆییو جیهانیو نائامادەیی چینی کرێکاری جیهانو نارۆشنیو لاوازی چینی کرێکاری رووسیو





دوورکەوتنەوەی لەدەسەلاٌتی سیاسیو نادیاری پلاتفۆرمی ئابووری چینی کرێکاری رووسیا بەمەبەستی بەدیهێنانی ئابووری سۆسیالیستی، سەرەنجام زەمینەیەکی خۆشکرد بۆ ژیانەوەو قایمکردنی پایەکانو بنەماکانی سەرمایەداری لەشکڵو لەفۆرمی سەرمایەداری دەوڵەتی لەرووسیادا. دوای جێگیربوونی ئەم شێوە نوێیە لەسەرمایەداری(کە هەمان ناوەڕۆکی چینایەتی سەرمایەداری ڕۆژئاوای هەبوو) لەڕووسیاداو کپبوونەوەو دامرکانەوەی ڕەوتی شۆڕشگێڕانە لەوولاٌتانی سەرمایەداری ئەورووپادا، قۆناغێکی تری ژیانی سەرمایەداریو پەلهاویشتنی لەدنیادا دەستی پێکرد. زۆربەی کۆمەڵگاکانی دنیا کەشێوەی بەرهەمهێنانو ئاڵوگۆڕی سەرمایەداریو سەرخانە سیاسییەکەی لەحاڵی پەرەسەندنو گەشەکردندا بوو ئیتر دوای ئەو ڕووداوانە لەبەرامبەر سەرمایەداریدا هیچ بەرگرییەکیان نەمابوو، تەنها هەڵبژاردنێك کە بۆیان مابۆوە هەڵبژاردنی سەرمایەداری دەوڵەتی یان سەرمایەداری پشت بەستوو بەبازاڕی ئازاد بوو.

ئێمە کەئێستا بەسەرەتای هەزارەی سێیەم گەیشتووین قسە لەسەر جیهانی بوونەوەی سەرمایەداری قسەیەکی پووچە. سەرمایەداری بەتەواوی ڕژێمێکی جیهانییەو لەکۆمەڵگایەکی جیهانیدا بالاٌدەستە. سەرمایەداری تەواوی پاشماوەکانی ڕژێمی دەرەبەگایەتیو هەموو سیستمە کۆمەلاٌیەتییە کۆنەکانی تری لە گرێژنە دەرهێناوەو لەهەموو گۆشەو کەنارەکانی دنیادا یاساکانی گەشەو جوولاٌنەوەی خۆی زاڵ کردووە. مرۆڤایەتی ئەوەی تێپەڕاند کە نیزامی سەرمایەداری جیهانی دەبێتەوە یان نابێتەوە، قسە لەسەر بوونو هەژموونی سەرمایەدارییە وەکو ڕژێمێکی چینایەتی لەکۆمەڵگای جیهانی هاوچەرخدا. تیۆرەکانی جیهانگیریو لیبرالیزمی نوێ، بڕیارە وەلاٌم بەوە بدەنەوەو پاساوی بۆ بهێننەوەو هەژموونو دەسەلاٌتی هەتاهەتایی ئەو ڕژێمە بەسەر ئەم کۆمەڵگا جیهانییەدا بسەلمێنن.

## لیبرالیزمی کلاسیك، لیبرالیزمی نوێ !

لیبرالیزم یەکێکە لەڕەوتە ئایدۆلۆژیو سیاسیو ئابوورییە پایەدارەکانی بۆرژوازی. هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی سەرمایەداریو چینی بۆرژوازی تازە گەشەکردووەوە لیبرالیزم

چەکێکی کاریگەر بوو دژی دەرەبەگایەتیو کۆسپو تەگەرەو کۆتو پێوەندەکانی، خواستی کەمکردنەوەی دەخالەتی دەوڵەت لەکاروباری ئابووریدا، ئازادی بازرگانیو ڕاگوێزانی کالاکان، هەڵگرتنی سیستمی تاریفەی گومرگی، هەڵگرتنی باج لەسەر سەرمایەو جووڵانەوەکانی، بازاڕی ئازادو ئازادی سەرمایە لەبەستنی پەیماننامەی کارو (عقد العمل) هەڵوەشاندنەوەی بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیو دوور لەدەخالەتی دەوڵەت،. . تاد، ئەمانە تایبەتمەندیو ناوەڕۆکی ئەو بەرنامە ئابووریو سیاسیانە بوون کە لیبرالیزمی کلاسیك بۆی تێکۆشاوەو بەتایبەتی لەزەمانی (ئادەم سمیس)ەوە لەساڵی 1776ەوە بانگەشەی بۆ کردووە.

بەو پێیە لیبرالیزمی کلاسیك دەوری سەرەکی گێڕا لەدامەزراندنی ڕژێمی سەرمایەداریو جیهانی بوونەوەیدا، لەتێکشکاندنی کۆتو پێوەندەکانی ڕژێمی دەرەبەگایەتیو ئازادکردنی بارزگانیو دامەزراندنی بازاڕێکی ئازادی جیهانیدا، هەروەها ڕۆڵی گرنگی هەبوو لەخێرایی کەڵەکەی سەرمایەو چەوسانەوەی ئازادانەی هێزی کاری کرێکاراندا.

قەیرانو ئەزمە یەك لەدوای یەکەکانی ڕژێمی سەرمایەداریو پێویستی دەخالەتی دەوڵەت وەکو نوێنەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی بۆ کۆنترۆڵکردنو دەربازبوون لێی، سەرهەڵدانو گەشەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو سۆشیالیستی، تەشەنەکردنی جووڵانەوەی ڕیفۆرمیستی، گەیشتنی سەرمایەداری بەقۆناغی ئیمپریالیزمو سەرهەڵدانی دوو جەنگی جیهانیو ئاسەوارەکانی، سەرهەڵدانو ڕەونەقی مۆدیلی سەرمایەداری دەوڵەتیو ... تاد ئەمانە بۆ دەورەیەکی درێژخایەن کشانەوەو پاشەکشەی سەپاند بەسەر ڕەوتی لیبرالیزمی بۆرژوازیدا.

سەرهەڵدانەوەو ڕەونەقی لیبرالیزمو لیبرالیزمی نوێ (ووشەی نوێ بۆ جیاکردنەوەی لەلیبرالیزمی کلاسیك) ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دەیەی هەفتاکانی سەدەی ڕابووردوو بەتایبەتی لەساڵی 1973 بەدواوە.





بەپێچەوانەی لیبرالیزمی کلاسیکەوە، لیبرالیزمی نوێ لەهەناوی ئەزمەو قەیرانی سەرمایەداری جیهانیدا لەدەیەی هەفتاکاندا بەشکڵو شێوەیەکی نوێ سەریهەڵدا. بەڵام ئەمجار هەوڵێك بوو بۆ دەربازبوون لەو ئەزمەو قەیرانە سەرتاپاگیرە، هەوڵێك بوو بۆ نوێکردنەوەو دۆزینەوەی شێوەو سەرچاوەی نوێ بۆ کەڵەکەی سەرمایەو دووبارە بیناکردنەوەی سەرمایەداری هاوچەرخ. ئەم ڕەوتە لەناوەڕاستو کۆتایی هەشتاکاندا زۆر برەوی سەندو بەرووخاندنو هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەڵاتو کۆتایی هاتنی سیستمی سەرمایەداری دەوڵەتی ئینتلاقی کرد. نوێنەرانی سەرەکی ئەم هەستانەوەو ئینتلاقەو تیۆریسێنەکانی "تۆماس فریدمن"و "میلتۆن فریدمن" بوون.

## ریشەو بنەماکانی سەرهەڵدانی لیبرالیزمی نوێ!

مارکس لەمیانەی لێکدانەوەکانیدا بۆ جووڵانەوەو فراوانبوونەوەی سەرمایە دوو پرۆسەی پێکەوە گرێدراوی لێك جیاکردەوە:

1. جیهانی بوونەوەی سەرمایەو دامەزراندنی سەرمایەداری وەك ڕژێمێکی جیهانی.

2.پرۆسەی چڕبوونەوەو کۆمابوونی سەرمایە(عملیه التمرکز وترکیز الرأسمال) لەخودی جیهانی سەرمایەداریدا.

شۆڕشی ئینفۆرماتیكو ئاڵوگۆڕە تەکنەلۆژییەکان، کە لەدەیەی هەفتاکانەوە بەخێرایی لەئەورروپاو ئەمریکادا دەستی پێکرد، گورڕو تینێکی گەورەیدا بەپرۆسەی چڕبوونەوەو کۆمابوونی سەرمایە. کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانو فراوانبوونەوەی دەسەڵاتیانو ڕۆڵیان لەئابووریو سیاسەتی ناوخۆییو نێودەوڵەتیدا بەپێی ئەو یاسایەی سەرمایەو وەك ئاکامێکی ڕاستەوخۆی ئەوە لەدەیەی هەفتاکاندا بەتەواوی پەرەیان سەند.

کەڵەکەبوونی لەڕادەبەدەری سەرمایەو چونەسەری توانای بەرهەمهێنەری کار (انتاجیة العمل)و دابەزینی ڕێژەی قازانج، پێویستی ناردنە دەرەوەی سەرمایەو گەڕان بەدوای قازانجی زیاتردا، پێویستی ئازادکردنی بازاڕەکانو تێکشکاندنی کۆتو پێوەندەکانی جووڵانەوەو

گوێزانەوەی سەرمایەی سەپاندو کردی بەمەسەلەیەکی چارهەڵنەگر. لەم بڕگەیەدا سیستمی پێشوو (واتە سیستمی "بریتون وودز"(breton woods)هەرەسی هێنا. ئەم سیستمەی دەیەی چلەکانی سەدەی رابردوو وەك چۆمسکی دەڵێ "هەم بازرگانی ئازادو هەم بەرنامەداڕشتنو یاسا دانانی لەبازاڕدا بەئامانجی خۆی دانابوو. لەمەیدانی بارزگانیدا خوازیاری لیبرالیزم بوو، بەڵام لەبازاڕدا باوەڕی بەبەرنامەڕێژی سەرمایە هەبوو.[2]

سەرەتاکانی ئەم پرۆسەیە لەخودی ئەمریکاو ئەورووپاوە دەستی پێکردو دواتر لەسەر ئاستی جیهان لەدوو شێوەی تردا تەعبیری لەخۆی کرد: 1ـــ ئازادکردنی بازاڕەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئاسیا. 2 ـــ دروستکردنی ناوچە بازرگانییە ئازادەکان.

هەردوو ئەم پرۆسەیەش پاڵنەرێك بوون بۆ دەربازبوون لەو ئەزمەو قەیرانەی سەرمایەداریو بەدیهاتنی گەشەیەکی نسبی کەڵەکەی سەرمایەو بەتایبەتی زیاتربوونی دەسەڵاتی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانو بەهێزبوونی قەوارەیان.

لەم نێوەدا پێکهاتو ڕۆڵی دوو دامەزراوی گرنگ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی بەسەردا هات، ئەوانیش(صندوقی دراوی نێو دەوڵەتی)و (بانکی نێو دەوڵەتی) بوو، لەدوو دامەزراوی تایبەتەوە بۆ بردنەپێشی (پرۆژەی مارشاڵ)و ئاوەدانکردنەوەو بیناکردنەوەی ئەورووپا دوای جەنگی جیهانی دووەم بوون بەهۆکارێك بۆ بەهێزکردنو بردنە پێشەوەی سیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێو بەهێزکردنو فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانو پەرەدان بەچالاکیو هەڵسووڕانیانو ئازادکردنی بازاڕەکانو خۆسەپاندنیان بەسەر دنیادا.

پیادەکردنو بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێ پێش ئەوەی پەل بۆ گشت جیهان بهاوێ سەرەتا خودی ئەورووپای غەربیو ئەمریکای گرتەوە. دەبوو ئەو کۆمەڵگایانە سەر لەنوێ بینابکرێنەوەو بشێلرێنەوەو ئەوەی پێی دەووترێ (ڕیفۆرمی هەیکەلی) تێدابکرێ.

[2] **بڕوانە : گفتوگۆی "تورن ونربری" لەگەڵ نعوم چۆمسکی کۆتایی ساڵی 1999 لە بڵاوکراوەی "نگاە" دەفتەرەی چوارەم کانوونی دووەمی 2000 بەزمانی فارسی.**





تاتچەریسم (واتە سیاسەتە لیبرالیو ڕاستڕەوەکانی مارگرێت تاتچەر کەلەساڵی 1979ەوە هاتە سەر کار) لەبەریتانیاداو ریگانیزم (سیاسەتەکانی رۆناڵد ریگان) لەئەمریکادا لەلایەنێکی گرنگی خۆیاندا وەڵام بوون بەو پێویستییە نوێیەی سەرمایەو پیادەکردنی سیاسەتەکانی نیو لیبرالیزم.

کەمبوونەوەی دەخاڵەتی دەوڵەت لەکاروباری ئابووریداو ئازادکردنی سەرمایەکانو چەوسانەوەی توندی هێزی کارو تێکشکاندنی نەقابەو یەکێتییە کرێکارییەکانو لاوازکردنیان، خصوصی کردنەوەی کەرتو دامەزراوە گشتییەکانو فرۆشتنیان بەکۆمپانیاکان، کەمکردنەوەی خزمەتگوزاریەکانو دانانی باجی زیاتر لەسەر خەڵکی کەم دەرامەت تا ئاستی دانانی باج لەسەر سەری هەر هاوولاتییەك (ضريبة الرؤوس) لەلایەن تاتچەرەوەو لابردنی هەر چەشنە کۆتو بەندێك بۆ ڕاگوێزانی سەرمایە بۆ شوێنەکانی تری دنیاو بێکارکردنی کرێکاران، ... تاد زۆر ئاڵوگۆڕو سیاسەتیتر تێکڕا وەڵامێکی نوێبوون بەپێویستییەکانی کەڵەکەی سەرمایە.

چونکە بلۆکی سەرمایەداری ڕۆژهەڵات، کە لەبناغەدا پشتی بەدەخالەتی دەوڵەتو بەرنامەڕێژی ئابووری بەستبوو، نەیدەتوانی سیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێ پیادەبکاتو وەڵامێکی تاڕادەیەك گونجاو بەپێویستییەکانی گەشەو کەڵەکەی سەرمایە بداتەوە(سەرەڕای سەرهەڵدانی گۆرباتشۆفیزم) لەبەرئەوە بەخێرایی بەبن بەست گەیشتو پاشەکشەی کردو سەرەنجام هەرەسی هێنا. ئەو هەرەسە گەورەیە هەم رەقیبێکی لەبەرامبەر کەمپی لیبرالیزمی نوێ لەدنیادا دەرکردو هەم فرسەتێکی گەورەی پێدان تا کۆتو پێوەندەکانی بازاڕە ناوخۆییەکان تێك بشکێننو بانگەشەی بازاڕێکی جیهانی بکەنو بەچارەسەری هەموو دەردە کوشندەکانی مرۆڤایەتی لەچەشنی هەژاری، بێکاری، بێمافی، بێخانەو لانەیی، نەبوونی سەرچاوەکانی ژیانو گوزەران، نەبوونی زەمانەتەکانو.........تاد لەقەڵەم بدەن.

تیۆرەکانی جیهانگیری لەم کەمپە فراوانەوە سەریان دەرهیناو بەڵێنی بەهەشتی لیبرالیزمی نوێ بوون.

## تیۆرەکانی جیهانگیری: ناوەڕۆكو تایبەتمەندیەکانی !

تیۆرەکانی جیهانگیری لەدایکبووی دەیەی نەوەتەکانی سەدەی رابردووەو دوا بەدوای هەرەسی بلوکی رۆژهەڵات زەمینەی سەرهەڵدانیان بۆ رەخسا. هەرچەند ناوەڕۆکی ئەو تیۆریانە دووپات کردنەوەی موتڵەقی بنەماکانو سیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێ بوون بەڵام تایبەتمەندیو خەسڵەتی خۆشیان هەیە کەناکرێ چاوپۆشی لێبکرێ.

لێرەدا ناوەڕۆكو تایبەتمەندیەکانی ئەو تیۆریانە لەچەند خاڵی کورتدا دەخەینە روو:

**1– راگەیاندنی ئەبەدی بوونی نیزامی سەرمایەداری:** بەکەڵك وەرگرتن لەهەرەسی یەکێتی سۆڤیەتو بەگشتی بلۆکی رۆژهەڵات تیۆرەکانی جیهانگیری ئەوەیان راگەیاند کەکۆمۆنیزم مردو سەرمایەداری بووە بەرژێمێکی هەتا هەتاییو کۆتایی مێژوو، بووە بە رژێمێکی موتڵەقو ژیانی مرۆڤایەتی لەچوارچێوەیدا هەمیشە تازە دەبێتەوەو بەرەوپێش هەنگاو دەنێ. تیۆریسێنەکانی جیهانگیری ئاڵوگۆڕە ئابووریو کۆمەڵایەتیو تەکنەلۆژییە هاوچەرخەکانیان کرد بەپاساوێك بۆ ئەو ئیدعایەی کەسەرمایەداری رژێمێکی عەقڵانیو موتڵەقو تەواو جیاوازە لەوەی مارکس لەسەدەی نۆزدەهەمدا وەسفی کردووە. هەر لێرەوە رایانگەیاند کەمارکسیزم تەنها تیۆری سەدەی نۆزدەهەم بوو بۆیە لەسەدەی بیستەمدا بەمەرگی خۆی گەیشتو کۆتایی هات(لەدرێژەی ووتارەکەمدا بەکورتی پووچی ئەو جۆرە ئیدعایانە دەخەینەڕوو).

**2– جیهانگیری سەرمایەداریو رەتکردنەوەی خەباتی چینایەتی:** لایەنگرانی جیهانگیری لەپێشەکییەکی دروستەوە کەئەویش نزیك بوونەوەی نەتەوەکانو شارستانیەتەکانو زەمینەکانی دامەزراندنی یەك کۆمەڵگای جیهانیو یەك کەلتورو شارستانیەتی یەکگرتوو، بەهۆی گەشەکردنی تەکنیكو تەکنەلۆژیاو هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە، دەستیان پێکردو کردیان بەبنەمایەك بۆ دەرکێشانی دوو نەتیجەی دیاریکراو: یەکەمیان ئەوە بوو کەبەهیچ شێوەیەك بەر بەسەرمایەداریو دەسەڵاتەکەی ناگیرێو مرۆڤایەتی لەسایەیدا ئەبێ تەسلیم بێو هەموو کۆمەڵگاکانی گۆی زەوی ئەبێ وەکو رژێمێکی عەقڵانی چاوی لێبکەن، دووەمیش رەتکردنەوەی خەباتی چینایەتیو وەسفکردنی ململانێو کێبەرکێکانی هاوچەرخ وەك ململانێی دیموکراسیو دکتاتۆری، ململانێی شارستانیەتەکانو کەلتوورە جیاوازەکانو دینەکانو........تاد.

**3– بانگەشەی بیناو شێلانەوەی سەرمایەداری جیهانی لەسەر بنەمای بازاری ئازاد:** تیۆرەکانی جیهانگیری بەشێوەیەکی ئاشکراو راشکاوانەتر پرەنسیبەکانی نیو لیبرالیزمیان لەبواری ئابووریدا دووپات کردەوەو بوعدێکی جیهانیان پێبەخشی. تێکڕا رایان گەیاند کە:

یەکەم/ دەوڵەت نابێ لەکاروباری ئابووریدا دەخالەت بکات. بەو هۆیەوە کە لەدەیەی سییەکانەوە زۆربەی کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری پشتیان بەدەخالەتی دەوڵەت بەستبوو، وەخودی دەوڵەت خاوەنی بەشێکی زۆری هۆیەکانی بەرهەمهێنانو گواستنەوەو ئاڵوگۆڕبوو لەکەمپی رۆژهەڵاتدا، وەهەروەها لەکۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکاندا دەوڵەت پێویست بوو لەکەڵەکەی سەرەتایی سەرمایەو گوێزانەوەی ئەو کۆمەڵگایانە لەسیستەمەکانی پێش سەرمایەدارییەوە بۆ نیزامی سەرمایەداری دەوری سەرەکی بگێڕێ، لەبەر گشت ئەم هۆیانە دەوڵەت دامەزراوێکی گرنگی ئابووری بوو بۆ بەرهەمێنانو کۆنترۆڵکردنی بازاڕو. ..تاد، بۆیە تیۆرەکانی جیهانگیری رایان گەیاند دەخالەتی دەوڵەت لەگەڵ میکانیزمی سروشتی سەرمایەدا ناکۆکەو میکانیزمی بازاڕ تاکە میکانیزمی گەشەو کەڵەکەی سەرمایەیەو هەر کۆمەڵگایەك بەخێرایی خۆی نەبەستێت بەبازاڕێکی ئازادی جیهانییەوە لەکاروان دواکەوتووە. بۆیە پێویستە کە: بەخێرایی پرۆسەی خصوصیکردنەوە لەکۆمەڵگاکانی کەمپی رۆژهەڵاتدا دەست پێبکاتو هاوکات ریفۆرمی هەیکەلی لەهەموو کۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکاندا هەنگاو بەهەنگاو بەکۆمەكو پشتیوانی صندوقی دراوی نێودەوڵەتیو بانکی نێودەوڵەتی بخرێتە دەستووری کارەوە. لەسایەی بازاڕی ئازاددا هەموو دنیا پێکەوە بەرەو خۆشگوزەرانیو گەشەکردنو پێگەیشتن دەڕوات!

دووەم/ لابردنی کۆتو ریگرییە گومرکییەکان لەسەر بازرگانیو دەرگاکردنەوە لەسەر سەرمایەگوزاریو هاتوچۆی کاڵاکانو نەهێشتنی پاراستنو پشتیوانی دەوڵەت

لەپیشەسازی‌یەکانی ناوخۆ، بەرەو پێشبردنی ئەم سیاسەتانەش لەچوارچێوەی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی‌دا(WTO). لەگەڵ هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانەدا ئەو وولاتانەی لەگەڵ کەمی سەرمایە بەرەو ڕووبوونو ئەوە ڕێگرێکی سەرەکی گەشەکردنو بەپیشەسازی‌بوونیان بوو هەر ئەوەندەی سنوورەکان ئاوەلا بکەن ئیتر بەلێشاو سەرمایە روویان تێدەکاتو دەبێت بەسەرچاوەی ئاوەدانی‌و بیناکردنو گەشەو پیشەسازی دامەزراندن!!

**4- بانگەشەکردن بۆ تەسلیم بوونو خۆبەدەستەوەدانی چینی کرێکارو بێهوودەیی خەباتو کارو هەڵسووڕانی:** هێرشکردنە سەر چینی کریکارو بوونو ووجودو دەسکەوتو داخوازی‌و جولانەوەکانی ناوەڕۆکی هاوبەشی هەموو تیۆرەکانی جیهانگیری‌یە. ئەوان رایان گەیاند چینی کرێکار ئینقرازی کردووەو لەپووکانەوەدایە، گوایە کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا بوون بەکۆمەڵگای پۆست پیشەسازی‌و پیشەسازی نوێ چینی کرێکاری پیشەسازی رابردووی لەبەین بردووەو چیتر ئەو چینە ئەو هێزە نی‌یە کەمارکسیستو کۆمۆنیستەکان هەمیشە باسیان کردووەو باوەڕیان پێی بووە. هەروەها بەرگری لەخۆکردنو خەباتی ئەو بەشانەی ماونەتەوە بێهوودەیە چونکە سەرمایە جیهانی‌بۆتەوەو لەهەر شوێنێکدا بیەوێت لەوێدا سەرمایەگوزاری دەکاتو بنەو بارەگا دادەنێت، سەرمایەی هاوچەرخ پشتی بەپیشەسازی سووك بەستووەو هەرکات بیەوێ دەتوانێت لەدەست چینی کرێکارو دەوڵەتی ناوخۆ رابکاتو لەهەرکوێ‌یەك هێزی کاری هەرزانو قازانجی باشتر هەبێ ئەو لەوێیە. نە بەرگری چینی کرێکاری وولاتانی رۆژئاوا کەڵکی هەیەو نەهەوڵ بۆ باشترکردنی ژیانو گوزەرانی بەشەکانی‌تری چینی کرێکار لەشوێنەکانی دنیادا. ئەگەر کرێکارانی کارگەیەك یان دامەزراوێك داوای کرێی زیاتر یان باشتربوونی ژیانو گوزەرانیان بکەن یاخود





بەکەمکردنەوەی کرێو بێمافی زیاتر رازی نەبن ئەوە سەرمایە نەك هەر وەلامیان ناداتەوە بەڵکو هەموویان بێکار دەکاتو لەشوێنێکی‌تر دەست پێدەکاتەوە.[3]

بەو پێیە تیۆرەکانی جیهانگیری دیسانەوە سیفەتێکی موتلەقیان دا بەجولانەوەو راگوێزانی سەرمایەکانو چوونیان بۆ شوێنەکانی تری دنیا. لەژێر سایەی ئەم تیۆری‌یە کۆنەپەرستانەو راستڕەوانەدا لەدەیەی نەوەتەکاندا گەورەترین هێرشو پەلامار بۆ سەر چینی کرێکاری وولاتانی رۆژئاواو ئەمریکا دەستی‌پێکرد. جگەلە بێکارکردنی دەیان ملیۆن بێکارو دواتر بەکارهێنانەوەیانو چەوسانەوەیان بەکرێی کەمترو کەم بوونەوەی هەرچی زیاتری دەخالەتی دەوڵەتو خصوصی‌کردنەوەو بڕینی خزمەتگوزاری‌یەکانو زەمانەتەکان، یەك لەدوای یەك ئەو دەسکەوتو زەمانەتانەی هەیان بوو وەلەخەباتی چەند دەیەی رابردوودا بەدەستیان هێنابوو وەك مافی ڕێکخراووبوونو مانگرتن، چوونە سەری ئاستی کرێ بەپێی رێژەی هەڵئاوسان، ئەمنیەتی کارکردن، هێرشی کرایە سەرو بەشێکی بەرچاوی وەرگیرایەوە.

بەتایبەت ئەو هێرشانەی لەدەیەی هەشتاکانەوە بەتەواوی دەستی پێکردبوو لەدەیەی نەوەتەکاندا زیاتر پەرەی پێدرا، هەڕەشەی سەرمایە بۆ داخستنی کارگەکانو راگوێزانی سەرمایەکانو( سەربەخۆ لەعەمەلی بوونی یان نەبوونی) بێکارسازی‌کردن بوو بەیەکێك لەسیاسەتو چەکە کاریگەرەکان بەدەست سەرمایەوە.

ئەو ستانداردی ژیانەی تادوینێ لەلایەن خەڵکی وولاتانی جیهانی سێیەمەوە وەکو ئیمتیازێك سەیر دەکرا زەربەی کاریگەری بەرکەوت.

---

[3] فریدمن دەڵێت: ئێمە سەندیکامان هەیە نوێنەرایەتی کرێکارانێك دەکات سەعاتی 50 دۆلار وەردەگرن، ئێستا بەهۆی جیهانگیری‌یەوە پێیان دەڵێین ببوورن ئیتر ناتوانین ئەو کرێیەتان بدەینێ، لەکاتێکدا کرێکارانی چنینی هندستان بەکەمتر کاردەکەن، چیتر بەربەست بۆ ململانێی ئێوە لەگەڵ ئەوان دانانێین" ("العولمة والعلاقات الأمريكية – العربية" برنامج لقاء اليوم، لقاء مع توماس فريدمن فی 2001/9/5)

ئەمە ئەگەر دیووی یەکەمی مەسەلەکە بێ ئەوە دیووی دووەمی، کەلەوەی پێشوو خراپترە، هەوڵی سەرمایەی جیهانی بووە بۆ دامەزراندنی لقو بەشەکانی خۆی لەو شوێنانەدا کەزۆرترین قازانجی لەهێزی کاری هەزرانی چینی کرێکار چنگ دەکەوێ. سەرمایە بەمەرجێك رووی کردۆتە شوێنیکی دنیا کەتیایدا هێزی کاری کرێکاران چەند بەرابەری هێزی کاری کرێکارانی رۆژئاوا هەرزانتر بووبێ، وەهەروەها دەوڵەتی ئەو شوێنە بەپێی پێویست زەمانەتی نەبوونی مافی رێکخراوبوون یان لانی زۆر زەمانەتی نەقابەو یەکێتییەکی کرێکاری لاوازو بێئیرادەو شکڵی داین کردبێ.

لەسایەی تیۆرەکانی جیهانگیریدا گەورەترین هێرش بۆ داسەپاندنی ئەو مەرجانەو داسەپاندنی بێمافی کرێکارانی باکووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، وولاتانی ئەمریکای باشوورو باقی شوێنەکانیتر بەرێوەبرا.

**5– جگەلە دیموکراسی هیچ بەدیلێکی تر نییە:** لەرووی سیاسییەوە تیۆرەکانی جیهانگیری بانگەشەی ئەوەیان کرد کەدیموکراسی بەدیلی هەمیشەییو هەتا هەتایی کۆمەڵگای ئەمرۆیە. لەسایەی ئەو سیستمەدا ئیتر دکتاتۆرییەتەکان بەسەردەچنو ئەوانەی ماون پاشماوەی جەنگی ساردنو لەپووکانەوەو نەماندان. شەرەکان کۆتاییان دێو ئاشتیو ئاسایش باڵ دەکێشێ بەسەر هەموو دنیادا، مەترسی چەکە کۆمەڵکوژەکانو مەترسی شەری نەوەوی کۆتایی هاتووە. هەروەها لایەنگرانی جیهانگیری داوایان کرد هەموو وولاتانی دنیا پەیرەوی لەدیموکراسی غەربی بکەنو ئەوانەیشیسەرپێچی دەکەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی (واتە ئەمریکاو غەرب) سزایان بداتو گەمارۆیان لەسەر دابنێو. .. تاد.

ئەمانەی سەرەوە کرۆکی سەرەکی تیۆرەکانی جیهانگیریبوون. پاش 11ساڵ لەکارنامەیانو جێبەجێکردنیانو دەرکەوتنی ئاکامە راستەوخۆو کارەساتبارەکانیان ئەمرۆ ئاسانتر هەم دەتوانین وەڵامیان بدەینەوەو هەم هەڵوێستی رۆشنو عەمەلی لەبەرامبەریاندا وەربگرین. سەرهەڵدانو گەشەی جولانەوەکانی دژی سەرمایەداری لەکۆتایی سەدەی





رابردوودا یەکێك لەنیشانەکانی بنبەستو فەشەلی تیۆرەکانی جیهانگیریو قەیرانی لیبرالیزمی نوێبوو.

## زەمینەکانو پایەکانی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری !

مێژووی جولانەوەو نارەزایەتی دەربرین دژی سەرمایەداری لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدانو گەشەکردنی سەرمایەداریدا ئاوێتەی یەکترنو دوو دیووی یەك مێژوو پێك دەهێنن. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا زاراوەی "بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری (anti-capitalism)" زاراوەی کۆتایی دەیەی نەوەتەکانە، زاراوەیەکە هەمووی چەند ساڵێکە لەهەواڵەکانو فەرهەنگی سیاسیو رۆژنامەگەریدا جێگای بۆ کراوەتەوەو لەگەڵ گەشەو تەشەنەکردنی بروسکە ئاسای نارەزایەتی دژی جیهانگیریدا پانتاییەکی زیاتری داگیرکردووە. هۆی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە پێش هەموو شتێك نیشانەی ئەوەیە میدیاکانو رۆژنامەو ناوەندە سیاسییەکانی سەرمایەداریو بۆرژوازی لەئەورووپاو ئەمریکادا چیتر ناتوانن دان بەوەدا نەنێن کەئەو جولانەوەی ئێستا دژی جیهانگیریو سیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێ سەریهەڵداوەو لەشوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیادا بەگورو تینێکی نوێوە دووبارە دەبێتەوە خەسڵەتو ناوەرۆکێکی دژی سەرمایەداری هەیە. بەلام چەند پرسیارێك دێنە گۆرێ: ئەم بزووتنەوەیە لەکوێوە سەری هەڵداوە؟ هێزەکانو لایەنەکانی کامانەن؟ داخوازیو خواستەکانی چین؟ هۆی تەشەنەکردنو گەشەکردنی لەناوەراستی دەیەی نەوەتەکان بەدواوە بۆچی دەگەرێتەوە؟ ئاسۆو دوارۆژی ئەو بزووتنەوەیە چۆنە و .....تاد.

هەڵبەت وەلام بەو پرسیارانە گەلێك قورسنو زۆر بەپاراویش دەربارەی قسە بکرێ هێشتا حەقی خۆی نەدراوەتیو هەر کەموکوری سەرەکیان تێدا دەبێ، بەتایبەت بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئێمە کۆمۆنیستەکانی عێراق هێشتا هەر چاودێرێکی ئەو بزووتنەوەیەین نەك هێزێکی پێکهێنەرو بەشدار لەهەڵکشانو داکشانەکانیدا. ئێمە

لەکۆمۆنیستەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەمریکای لاتینو هەندێك لەووڵاتانیتری عەرەبیش لەو بارەوە زۆر لەدواترینو هەولێکی زۆرترمان پێویستە تا بەو کاروانەی ئەوان بگەینەوە. بەڵام دیارە ئەو زوعفە رێگە ناگرێ لەوەی لانی کەم لەهێڵە گشتییەکاندا لەو بارەوە قسەبکەینو وەڵامەکان گەلاڵە بکەین، جا با کەمو کوڕیشی تێدا بێو هێشتا پێویست بەوەبکات بەباسەکانمانو بەهەنگاوەکانماندا بچینەوەو پایەکانی قایمتر دابڕێژین.

بەهەرحاڵ بێمەوە سەر پرسیارەکانو وەڵامدانەوەیان. پێش هەموو شتێك ئەمەوێ ئەوە وەبیربهێنمەوە کەوەڵامی پرسیارەکان بەتەواوی پەیوەندی بەباسەکانی پێشترەوە سەبارەت بەسەرهەڵدانو گەشەی لیبرالیزمینوێو تیۆرەکانی جیهانگیرییەوە هەیەو تەنها بەگرێدانەوەیان پێکەوە قابیلی دەركو تیگەیشتنە.

لەواقعدا فەراهەمبوونی زەمینەکانی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە نوێیە بۆ سەرەتای هەفتاکان دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو کاتەی کەدنیای سەرمایەداری بەگشتی هەم لەبلوکی شەرقی سۆڤیێتیداو هەم لەبلوکی غەربو رۆژئاوادا کەوتە ناو قەیرانو ئەزمەیەکی قووڵی ئابووریو سیاسییەوە، ئەزمەیەك کەدوای گەشەی درێژخایەنی سەرمایەداری لەدنیای دوای جەنگی جیهانی دووەمدا دەستیپێکردو هەموو نیشانەکانو بەڵگەکان ئەوەیان نیشان ئەدا کەئەو سستیو قەیرانە درێژخایەن دەبێو بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێویستی بەچارەسەرو رێگاچارەیەکی درێژخایەنو هەیکەلی هەیە. وەکو ووتمان لیبرالیزمی نوێ وەکو هەولێکی درێژخایەنی بۆرژوازی بۆ دەرچوونو دەربازبوون لەو قەیرانەو شکانەوەی بارە قورسەکەی بەسەر کرێکارانو خەڵکی ئەو وولاتانەدا لەکەمپی سەرمایەداری غەربدا سەریهەڵدا، هەرچی سەرمایەداری دەوڵەتی بلۆکی سۆڤیەتی بوو بە هەمان مەبەستو ئامانج رێگای چاکسازیو سیاسەتی دەستپێوەگرتن(سیاسە التقشف)و تەرشیقی ئیداری گرتەبەر کەوەکو ووتمان ئەویش هەر زوو بەشکستو بنبەستی تەواو گەیشتو بڕینەکرد.





بەڵام هەریەك لەو سیاسەتانە چونکە لەناوەڕۆكو خەسڵەتی خۆیاندا دژی کرێکاریبوونو هێرش بوون بۆ سەر گشت دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوانو بەشێکی زۆری خەڵك، لەگەڵ بەرگریو مقاوەمەتی توندی کرێکارانو خەڵکی ئەو ووڵاتانە بەرەو ڕووبوو. ئەو بەرگریو تیکۆشانە لەووڵاتانی بلوکی سۆڤیەتدا دەوری سەرەکی گێڕا لەقووڵکردنەوەو پەرەدانی زیاتر بەقەیرانو ئەزمەی سەرمایەداری دەوڵەتیو شکستی لەبەرامبەر نەیارەکانیدا. سەرەتاکانی بوژانەوەی بزووتنەوەی کرێکاری بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەو ووڵاتانەدا دەستی پێکردو رێگریو سەرکوتو کۆسپەکانی دەوڵەتو داموو دەزگا بۆرۆکراسییەکەی نەیتوانی ئەو رەوەندو رەوتە خاوبکاتەوە. ئەوە بەرۆشنی لەبزووتنەوەی کرێکارانی رۆمانیاو "نەقابەی هاوپشتی" بەندەرەکاندا بەدی دەکرێ. ئەگەرچی ئەو بزووتنەوەو جولانەوە کرێکاریو جەماوەریانە نەیانتوانی سەربەخۆو پایەدار لەسەر پێی خۆیان رابوەستنو لەبازنەی کاریگەری غەربو بانگەشەکانی دیموکراسیو لیبرالیزمی نوێ دەربچن، بەڵام بەدەوری خۆیان هەم کۆمەکێکی زۆریان کرد بەزەمینەسازکردن بۆ دوورکەوتنەوەی بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی لەژێر کاریگەرییەکانی بلوکی سۆڤیەتیداو هەم بۆ خۆیان رۆڵی سەرەکیان گێڕا لەهەرەسو رووخانی مۆدیلی سەرمایەداری دەوڵەتی لەو ووڵاتانەدا. بەڵام زوعفو لاوازی بزووتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی لەو ووڵاتانەدا بەڕادەیەك زەقو بەرچاوبوو کەنەیانتوانی لەدەیەی نەوەتەکاندا مەرکەزو سەنتەری بووژانەوەو سەرهەڵدانی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری لەو ووڵاتانەدا بن، ئەگەرچی بۆ خۆیان لەهەموو روویەکەوە لەناوەڕاستی دەیەی نەوەتەکاندا نارەزایەتیان بەرامبەر زاڵبوونی مۆدیلی سەرمایەداری غەرب لەو کۆمەڵگایانەدا نیشاندا.

ئەو مەرکەزو سەنتەرە بەپلەی یەکەم ووڵاتانی ئەورووپای غەربیو ئەمریکای باکوورو بەپلەی دووەم ووڵاتانی تازەگەشەکردووی ئەمریکای لاتینو باکووری رۆژهەڵاتی ئاسیا بوو.

## چینی کرێکارو بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری

چینی کرێکار بەهۆی ئەو جێگەو شوێنە کۆمەڵایەتییەوە لەبەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا هەیەتی چینێکە دژی بوونو مانەوەی نیزامی سەرمایەدارییە. کرێکاران لەسایەی سەرمایەداریدا کۆیلەی کاری بەکرێنو بەتووندترین شێوە دەچەوسێنەوەو بەرهەمی رەنجی کاریان دەستی بەسەردا دەگیرێ. بزووتنەوەو جوڵانەوەی ئەو چینە لەرووی ماهیەتو ناوەڕۆکەوە دژی سەرمایەدارییە، کرێکاران لەبەرامبەر ئەو هەڵبژاردنەدا نین کەجوڵانەوەکەیان دژی سەرمایەداری بێ یان نەبێ. لەواقعدا بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگای سەرمایەداری بڕبڕەپشتی نارەزایەتی دژ بەسەرمایەداری، کرێکاران پێکیان هێناوەو ئێستاش کەباس لەبزووتنەوەی دژی سەرمایەداری دەکەین باس لەبزووتنەوەیەك دەکەین ئەو چینە بەشێکی گرنگی پێکدەهێنێ، ئەگەرچی ئێستا رابەرە فعلیو مەیدانییەکی نەبێ، ئەگەرچی هێشتا لەو جوڵانەوەیەدا بەو جۆرە سەیری جێگەو شوێنە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکەی نەکرێ.

هۆ و ریشەی ئەو تێڕوانینەش دوو شتە: یەکەم/ لەماوەی بیست تا سی ساڵی رابردوودا هەمیشە ئەوە دووپاتکراوەتەوە کەچینی کرێکار لەسایەی تەکنیكو تەکنەلۆژیای مۆدێرندا خەریکە ئینقراز دەکاو لەبەین دەچێ، دووەم/ ئەو پاشەکشە گەورەیەی لەناوەڕاستی دەیەی هەفتاکان بەدواوە کرایە سەر چینی کرێکارو بووە هۆی چەککردنی لەخەباتو رووبەڕووبوونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بێبڕواییو بێ متمانەیی بەتواناو هێزی چینی کرێکار هێنایە خوارەوەو زۆرکەس ئومێدو هیوای بەجوڵانەوەو نارەزایەتیترەوە گرێدایەوە. لەغیابی ئەو دەورو رۆڵە پێشڕەوەدا دەیان جوڵانەوەو نارەزایەتیتر سەریان هەڵداوە کەخودی کرێکاران تیایدا فەعالانە بەشداربوون، بەڵام هێشتا کەمو زۆر نەدەچوونەوە سەر هاوخەباتیو هاوپشتی لەگەڵ چینی کرێکارو مێژووی خەباتو هەڵسووڕانی سەربەخۆی.





بەڵام پێش ئەوەی بچمە سەر باسکردن لەو جوڵانەوانەی بەتایبەتی لەکۆتایی شەستەکانو سەرەتای دەیەی هەفتاکاندا سەریان هەڵداو دواتر بوون بەپایەیەکی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری لەنەوەتەکاندا بەپێویستی دەزانم باس لەو زوعفو کەموکوڕییانەی چینی کرێکار بکەم کەبووەتە هۆی ئەوەی یەکەمین هێزی رابەرو رێکخەری جوڵانەوەی دژی سەرمایەداری نەبێ، بەڵکو هێزێکی ناوی بێو بەشێکی گرنگی پێکبهێنێ.

هێرشی سەرتاسەری سەرمایە لەکۆتایی دەیەی شەستەکانو سەرەتای دەیەی هەفتاکاندا بۆ سەر چینی کرێکارو دەسکەوتەکانی، بۆ سەر بەرژەوەندیو ئاستی گوزەرانی بەشێکی بەرچاوی خەڵك لەرێگەی کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەتەوە، لەگەڵ بەرگریو مقاوەمەتی سەرسەختی کرێکارانو بەشێکی بەرچاوی خەڵك رووبەڕووبوو. بەو پێیەی کەسەرمایەداری رژێمێکە لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانو کەڵەکەی سەرمایە راوەستاوەو دابەزینی رێژەی قازانج بەواتای هاتنەخوارەوەی کەڵەکەی سەرمایەیە، ئیتر دەبوو هێرشێك بۆ سەر چینی کرێکار بەرێبخرێ کە ئەم ئامانجانەی خوارەوەی هەبێ:

1– زیادکردنی سەعات کارو توندکردنەوەی هەلومەرجی کارکردن ، یان کەمکردنەوەی هەقدەستەکانو رێگەگرتن لەچوونەسەری پێبەپێی گرانیو هەڵئاوسانی ئابووری.

2– کەمکردنەوەی خەرجی هێزی کار، بردنەسەری توانای بەرهەمهێنەری کاری کۆمەڵایەتی (انتاجیة العمل).

هەوڵەکانی سەرمایە بۆ بەدیهێنانی خاڵی یەکەم لەگەڵ بەرگریو مقاوەمەتێکی سەختی بزووتنەوەی کرێکاری بەرەو ڕووبوو، بەجۆرێك کەبەردەوامبوونی سەرمایەدارانو دەوڵەتەکانیان لەسەر ئەو نەخشەیە گشت دەسەڵاتی سەرمایەداری لەغەربدا دەخستە مەترسییەوەو نائارامییەکی سیاسی گەورەی لێدەکەوتەوە. ساڵەکانی 1970– 1974 زۆربەی ئەو هەوڵانە تەنها سەرکەوتنێکی زۆر نسبیو مەحدوودی بۆ سەرمایەداران بەدیهێنا

كە بەهیچ شێوەیەك هاوتای دەربازبوون لەو قەیرانو ئەزمە گەورەیەی كەڵەكەی سەرمایە نەبوو. بۆیە تەواوی هەوڵو توانای سەرمایەداری بۆ بەدیهێنانی خاڵی دووەم (دیارە بەبێ ئەوەی بۆ ساتێك لەهەوڵەكانی خاڵی یەكەم دەست هەڵگرن) واتە كەمكردنەوەی خەرجی هێزی كارو بردنەسەری رادەی بەرهەمهێنەریەكەی تەرخانكرا.

لەواقعدا داهێنانو بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای نوێ لەدەیەی هەفتاكاندا یان ئەوەی بەهەق پێی دەوترێ شۆڕشی تەكنەلۆژی سێیەم بەشێكی زۆری لەئاكامی ئەو هەوڵانەدا بوون. ئەم خاڵەی ئەخیر وادەخوازێ كەزۆرتری لەسەر بدوێین، بەتایبەت كەپەیوەندی كارو سەرمایەی بەجۆرێكی سەیر ئاڵوگۆڕپێكردو كاریگەری زۆر گەورەی لەسەر پێكهاتو ژیانو جێگەوشوێنی تەقلیدی ئەو چینە بەجێهێشتو زەمینەیەكی ماددی بۆ هێرشو پەلامارەكانی سەرمایەو تەبلیغاتەكانی لیبرالیزمی نوێ فەراهەم كرد.





## سەرمایەو بەكارهێنانی تەكنەلۆژی نوێ !

ئەوەی لەسەرەتای هەفتاكاندا بەشۆڕشی تەكنەلۆژی سێیەم ناودەبرێ بەكورتی دۆزینەوەو داهێنانێكی نوێبوو لەبەرهەمهێنانی هۆیەكانی بەرهەمهێناندا (انتاج وسائل الأنتاج). بەهۆی داهێنانی " كۆمپیوتەر، ئامێری ئۆتۆماتیكی، دۆزینەوەی ووزەی ئەتۆم" ئاڵوگۆڕی زۆر گەورەو گرنگ لەبەرهەمهێنانی كۆمەڵایەتیدا بەدیهات. سەرەتا ئەو ئاڵوگۆڕانە مەیدانی سەربازیو پیشەسازی گرتەوەو دواتر یەك لەدوای یەك چووە مەیدانەكانی تری بەرهەمهێنانو ئاڵوگۆڕی كاڵاكانو تەنانەت مەیدانە خزمەتگوزارییەكانەوە. لەسایەی ئەو شۆڕشەدا پرۆسەی كارو بەرهەمهێنانی كۆمەڵایەتی ئەم ئاڵوگۆڕو گۆڕانكارییە گەورانەی بەخۆوە بینی:

1– بەكارهێنانی ئامێرە ئۆتۆماتیكییەكان لەبەرهەمهێنانداو بەئۆتۆماتیك كردنی پرۆسەی كار، ئەمەش واتە: بێكارسازی بەشێكی بەرچاوی كرێكارانو جێگرتنەوەیان بەو ئامێرانەو هێشتنەوەی بەشێكی كەمیان، دابەزینی خەرجی هێزی كار لەگشت پرۆسەی بەرهەمهێناندا، چوونەسەری رادەی بەرهەمهێنەری كارو خێرابوونەوەی، فەراهەمبوونی زەمینەی گۆڕانكاری خێرا لەپرۆسەی كارو گوێزانەوەی بەرهەمهێناندا.

2– گرێدانەوەی بەشە جیاوازەكانی پرۆسەی كاری كۆمەڵایەتی بەیەكەوە. بەهۆی ئەو تەكنەلۆژیا نوێیەوە ئیتر دەكرا بەرهەمهێنانی كاڵاكان هەر لەئامادەكردنی ماتریالە خاوەكەیەوە تاكو بردنەپێشی یەك لەدوای یەكی قۆناغەكانی تری پێكەوە گرێبدرێنەوەو لەچوارچێوەی دامەزراوەی پیشەسازی زەبەلاحی ناوخۆییو جیهانی نوێدا ئەنجام بدرێن. ئەمە جگەلەوەی كەلەسایەی ئەو شۆڕشەو دۆزینەوەی ووزەی ئەتۆمدا ئیتر دەكرا كەرەسەی خاوی كاڵاكان بەشێوەیترو لەرێگای نوێوە" چ دروستكردنو تەحویلكردنو ئامادەكردنی زانستیانەی كەرەسەكان بێ یان دووبارە بەكارهێنانەوەی كاڵا بەكارهاتووەكانو پاشماوەكانیان"، ئامادەبكرێنو فەراهەم بكرێ.

یەکەمین کاریگەری ئەو پرۆسەیە گەشەکردنو پایەداربوونەوەی یاسای " چڕبوونەوەو کۆمابوونی سەرمایە " بوو، یاسایەك کەوەکو پێشتر باسمان کرد لەژێر ڕۆشناییەکانیدا هۆیە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان روون دەبێتەوە.

3– بەدیهاتنی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانو شۆڕشی ئینفۆرماتیك. بەهۆی بەدەستهاتنو چڕبوونەوەو کۆنترۆلی تەواوی زانیارییەکانەوە پرۆسەی کارو بەرهەمهێنانی کاڵاکانو پەیداکردنی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەیان (ئەمەش واتە خێراتربوونەوەی جولەی کەڵەکەی سەرمایەو بەدەستهێنانی قازانجەکان) بەشێوەیەکی خێراترو کارسازتر ڕێك خرا. بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاریانەوە ڕێکخستنو زاڵبوون بەسەر بەرهەمهێنانی کاڵا جۆراوجۆرەکان هەر لەقۆناغە سەرەتاییەکانییەوە تا تەواوبوونی بەرهەمهێنانو پەیداکردنی بازاڕەکانو کۆنترۆڵکردنیان لەسەر ئاستی جیهانی فەراهەم بوو. کاریگەرییەکانی ئەم پرۆسەیە لەدەیەی نەوەتەکاندا بەتایبەتی روونترو ئاشکراتر خۆیان نیشاندا.

ئاکامەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن ئەوەندەی پەیوەندی بەباسەکەی ئێمەوە هەیە لێرەدا لەدوو مەیداندا باسی دەکەین: یەکەمیان: لەسەر گەشەو کەڵەکەی سەرمایەو دووەم لەسەر چینی کرێکارو خەباتەکەی دژی سەرمایەداری.

## 1. کاریگەری تەکنەلۆژی نوێ لەسەر کەڵەکەبوونی سەرمایە

سەرمایە لەناوەڕاستی دەیەی هەفتاکاندا توانی ڕێگایەك بۆ دەربازبوون لەو ئەزمەو قەیرانە درێژخایەنەی خۆی بدۆزێتەوە، ڕێگایەك ئەگەرچی نسبیو کاتیش بوو بەڵام توانی باری ئەو ئەزمەو قەیرانە سووك بکاتو ئیدارەی بکاتو کۆسپەکانی بەردەمی تاڕادەیەك لابەرێ. ئەو ڕێگایە شتێکی نوێ نییە. مارکس هەمەلایەنە لەکاپیتاڵدا پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی نسبی روون دەکاتەوەو نیشانیدەدا کەسەرمایە هەمیشە پێویستی بەتەکنیكو تەکنەلۆژیای مۆدێرن هەیە تا هەم بەسەر بەرگریو خۆڕاگری چینی کرێکاردا زاڵ بێو نرخی هێزی کار دابەزێنێو کاری زیاتری لێبکێشێتەوەو هەم لەبازاڕدا نەیارەکانی خۆی شکست پێبێنێو





قازانجێکی نوێی دەست بکەوێ، بەڵام هاوکات ئەوەش باس دەکات بەکارهێنانی ئەو تەکنیكو تەکنەلۆژیایە بەدوو باردا، بەپێچەوانەی ئامانجو مەبەستەکانی سەرمایەوە، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ دژەکەی خۆی:

یەکەم / بەهۆی ئەوەی کەژمارەی ئەو کرێکارانەی لەمەیدانی بەرهەمهێناندا کاردەکەنو بەئامێرەکان جێگایان دەگیرێتەوە کەم دەبنەوە، ڕێژەی سەرمایەی نەگۆڕ بەبەراوورد لەگەڵ سەرمایەی گۆڕاودا بەشێوەیەکی موتڵەق زیاد دەکاتو ئەمەی دوایی بەشێوەیەکی نسبی کەم دەبێتەوە، وە لەبەرئەوەی کەنهێنییەکانی قازانجی سەرمایە لەکڕینی هێزی کارو چەوسانەوەیدایە لەبەرئەوە قەوارەی سوودی سەرمایە بەگشتی کەم دەبێتەوە.

دووەم/ هەر ئەوەندەی بەکارهینانی ئەو تەکنیكو تەکنەلۆژیایە لەمەیدانێکی بەرهەمهێناندا چووە مەیدانێکیتر سەرەنجام دەبێت بەبناغەیەکی تەکنیکی بۆ گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی، ئیتر ئەو سوودە بەدەستهاتووەی بەشێکی سەرمایە لەئاکامی تەکنیکینوێدا بەدەستی هێناوە بەشەکانیتری سەرمایە دەتوانن بەدەستی بهێننو لەئاکامی ئەوەشدا بڕی سوودی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی تەنگ دەبێتەوەو بازنەی کەڵەکەی سەرمایە تەسکتردەبێ، ئەمەش واتە چوونەوە ناو قەیرانو ئەزمەیەکیترو پێویستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکیتر.

ئەوەی مارکس باسیکردووە بەدروستی لەناوەڕاستی حەفتاکان بەدواوە دووبارەبۆوە. لەسایەی ئەو تەکنیكو تەکنەلۆژیا نوێیەدا سەرمایە توانی بۆ ماوەیەکی کاتی هەردوو ئامانجەکەی بپێکێ: واتە بردنەسەری رادەی بەرهەمهێنەری کارو دابەزینی نرخی هێزی کار، وە تێکشکاندنی بەرگریو تێکۆشانی چینی کرێکار لەکۆمەڵگادا (ئەمەی دواتر کەمێکیتر بەپاراوی باسی دەکەین)، بۆ نموونە ئەمریکا یەکەمین وڵاتی سەرمایەداری بوو کەدەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە تەکنیکییەی بەکارهێناو لەئاکامی ئەوەشدا توانی زۆربەی بەشەکانی بەرهەمهێنان بەپێی ئەوانە ڕێکبخاتەوەو توانای بەرهەمهێنەری کار (واتە بەرهەمهێنانی زێدەبایی نسبیو بەدەست هێنانی زۆرترین سوود لەکەمترین ژمارەی

کرێکاران) لەساڵی 1970 ـــ 1976 بە بەراوورد لەگەڵ ناوەڕاستو کۆتایی دەیەی شەستەکاندا زیاد بکات. لەساڵی 1960- 1969 بڕی زیاتربوونی ساڵانەی توانای بەرهەمهێنەری کار بەرێژەی سەدی 1/9 بوو بەڵام لەساڵی 1970- 1976 ئەو بڕە بوو بە 2/6. بەڵام ئەو ڕەوەندە زۆری نەخایاند. لەساڵی 1977- 1983 هەمان بڕ بۆ 1/7 دابەزی، واتە کەمتر لەدەیەی شەستەکان، ئەو دابەزینە تاهاتووە کەمتر بۆتەوە تا لەساڵی 1988 دا بوو بە (0.9).[4]

بەهۆی ئەو بارودۆخو هەڵکشانو داکشانەوە سەرمایە هەمیشە ناچاربووە ئیمکاناتو بڕێکی زۆرتر بۆ داهێنانە تەکنیکی‌یە نوێیەکان تەرخان بکاتو ساڵانە بەدەیان ملیار دۆلار بۆ دۆزینەوەو داهێنانی تەکنیکی وا بخاتەگەڕ کەرادەی قازانجی بۆ ئاستێکی بالاٌتر بەرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیوە وەڵامیکی پایەیی بەو ئەزمەو قەیرانە بداتەوە کەلەدەیەی هەفتاکانەوە دەرگیری‌بووە. کەمبوونەوەی نرخی سوودی سەرمایەو تەنگەبەربوونەوەی، بەشێکی بەرچاوی سەرمایەی لەووڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکادا پاڵپێوەناوە بۆ دوو مەیدانی‌تر: مەیدانی گوێزانەوەی سەرمایەو بەرهەمهێنان بۆ ئەوووڵاتانەی سوودو قازانجێکی زیاتر بەنسیبی دەکات بەهۆی کەمی کرێی کرێکارانو بێمافی‌یە پیشەیی‌و سیاسی‌یەکانیانەوە، وە مەیدانی بانکی‌و بازرگانی‌و ناردنەدەرەوەی سەرمایە بەشێوەی دانی قەرز بەووڵاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری. هەریەك لەو دوو فاکتەرە هەرچەند دەوری باشی هەبووە لەبردنەسەری قازانجو سوودی سەرمایەی جیهانی‌و سووککردنی ئەزمەو قەیرانی کەڵەکەبوونی، بەڵام هێشتا گرفتی کەمی سوودو قازانجی بێچارەسەر هێشتۆتەوە.

بۆ ئەوەی ئەو گرفتە لانی کەم بەشێوەیەکی سەرەکی تا دەورەیەکی درێژخایەنتر چارەسەر بێ پێویستە کرێکارانی ووڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکاو یابانو شوێنەکانی‌تر بێ مقاوەمەتو

---

[4] ("بازسازی سرمایەداری معاصر" نوشتە جعفر رسا در بسوی سوسیالیسم دورە دووم، شمارە پنجم)، ئەم ووتارە ئەو ئامارانەی لەرێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO ) وەرگرتووە.





بەرگری لەبەردەم خودای سەرمایەدا کڕنۆش بەرن، ئەمەش خەونێکە بۆ بۆرژوازی هەرگیز نایەتەدی.

## 2. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێو کاریگەری‌یەکانی لەسەر خەباتی چینی کرێکار دژی سەرمایەداری !

بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لەلایەن سەرمایەوە لەدەیەی هەفتاکاندا زەمینەیەکی ماددی ڕەخساند بۆ هێرشکردنە سەر چینی کرێکارو پاشەکشەکردن بەخەباتو تێکۆشانی لەدژی سەرمایەداری، وەهەروەها زەمینەی خۆش کرد بۆ لیبرالیزمی نوێ تا برەو پەیدابکاتو بۆرژوازی لەخەباتی خۆی‌دا دژی چینی کرێکار وەکو چەکێکی کاریگەر بەکاری بهێنێ.

یەکێك لەبۆچوونە سەرەکی‌یەکانی مارکسیستەکانو سۆسیالیستەکان سەبارەت بەزانستو تەکنەلۆژیا لەدنیای سەرمایەداری‌دا ئەوەیە کەزانستو تەکنەلۆژیا لەبری ئەوەی لەخزمەتی ئینسانو خۆشگوزەرانی ئەودا بێ، لەکۆمەڵگای سەرمایەداری‌دا دەچێتە خزمەتی قازانجپەرستی سەرمایەو تووندکردنەوەی زنجیرەکانی چەوسانەوەی چینی کرێکارەوە. مادام داینەمۆی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری قازانجە، کەواتە بەو ئەندازەیە زانستو تەکنەلۆژیا پێویستن کەزۆرترین قازانج بۆ سەرمایەداران مسۆگەر بکەن. شۆڕشی تەکنەلۆژی سێیەمو بەکارهێنانی هەمەلایەنەی دەسکەوتە تەکنیکی‌و زانستی‌یەکان لەدەیەی هەفتاکانەوە تاکو ئەمڕۆ لەم یاسایە بەدەرنەبووە.

سەرمایەداری لەدەیەی هەفتاندا بۆ زیادکردنی قازانجو بردنەسەری توانای بەرهەمهێنەری کار بەشێوەیەکی فراوان سەرلەنوێ گشت بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لەووڵاتانی پێشکەووتووی سەرمایەداری‌دا رێکخستەوە. سەرمایەدارانو کۆمپانیاکان بەبیانووی پێویستی نوێکردنەوەی ژێربینای تەکنیکی بەرهەمهێنانەوە ژمارەیەکی ئێجگار زۆریان لەکرێکاران بێکارکردو ئامێرە ئۆتۆماتیکی‌یەکانیان خستە جێگایان. بەدەیان ملیۆن کرێکار لەو

پرۆسەیەدا بێکارکراونو بەئامێرەکان جێگایان گیراوەوە. ڕۆژنامەی "نیۆرك تایمز" لەزنجیرە ووتارێکدا بەناونیشانی "خەسارەتە ملیۆنییەکان لەمەیدانی جەنگ دژی سەرمایەداریدا" لە3 ئایاری ساڵی 1996دا دەنووسێ " بەپێی شیکردنەوەیەك كەنیۆرك تایمز بەپشت بەستن بەئامارو ژمارەکانی وەزارەتی کار ئەنجامیداوە لەساڵی 1979ەوە تاکو ئێستا 43 ملیۆن کار لەئەمریکادا لەدەست چووە"! بەهەمان شێوە ئەم بێکارسازییە ملیۆنییە نەك هەر لەئەمریکا بەڵکو لەووڵاتانی ئەورووپاو یابانیشدا بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژی نوێیەوە بەرێوەچوو، تەکنەلۆژییەك كەلەچەندین ڕووەوە کاریگەری لەسەر چینی کرێکارو کۆمەڵگا بەجێهێشت:

1– ئەو بەشە لەکرێکاران کەبە"کرێکارانی پیشەسازی" ناسراونو عادەتەن بەشی پێشڕەو و سەرەکی چینی کرێکار لەو ووڵاتانەدا پێکدێنن، بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەوە ژمارەیان کەمتر بۆوە. بێکارکردنی بەشێکی زۆری ئەو کرێکارانەو دەرپەڕاندنیان لەمەیدانەکانی کاردا هەم توانای مقاوەمەتو بەرگریکردنی لێزەوتکردنو بەگشتی جێگەو شوێنی ئەوانی لاوازکرد، هەم گشت چینی کرێکاری لەبەشێکی پێشڕەو رابەر کەخاوەنی وەزنو قورساییەکی ئابوری گەورەبوو بۆ ماوەیەکی درێژ بێبەشکرد.

2– هەڕەشەی بێکارکردن وەك شمشێرەکەی دیموکلیس هەمیشە بەسەر سەری کرێکارانی لەسەرکارەوە بوو. ئەوان ناچاربوون بۆ پاراستنی کارەکانیانو پەیوەست نەبوون بەریزی کرێکارانی بێکارەوە بەهەقدەستی کەمترو بێمافی زیاتر ڕازیبنو لەبەرامبەر هێرشەکانی سەرمایەو بۆرژوازیدا حاڵەتێکی دیفاعی لاواز هەڵبژێرن.

3– لەکاتێکدا بۆرژوازیو سەرمایەداران بەبیانووی نوێکردنەوەی تەکنیکی کارگەو کارخانەکانەوە بەملیۆن کرێکاریان بێکارکردو پاشان سیاسەتی کارپێکردنیان گرتەوەبەر، کرێکارانی بێکار بۆ ڕزگاربوون لەبێکاری ناچاربوون بەمافو حقووقی کەمترو هێزی کاری خۆیان بەسەرمایەدارانو کۆمپانیاکان بفرۆشن.





4– سەرەڕای کارپێکردنەوەی سەرلەنوێی کرێکاران لەدەیەی هەفتاکانەوە تاکو ئەمڕۆ نەك هەر حاڵەتی"کارپێکردنی کامڵ" لەبەین چووە بەڵکو بوونی بێکاری ملیۆنی کرێکارانو ئەوەی مارکسیستەکان پێی دەڵێن "سوپای زەخیرەی کار" بووە بەدیاردەو حاڵەتێکی هەمیشەیی ژیانو گوزەران لەسایەی سەرمایەداریدا.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو خاڵانەی سەرەوە دەکرێ چاوێك بەهەندێك ئامارا بگێڕین کەگوزارشت لەو واقعیەتانەی سەرەوە دەکەن.

ئەو 43 ملیۆن کرێکارو کارمەندەی کەبەپێی ڕاپۆرتی نیۆرك تایمز کارەکانیان لەدەستچووە، کاتێك دووبارە خراونەتەوە بەرکار بەهەقدەستێکی کەمترو ماف و ئیمتیازی لەخوارتر کاریان پێکراوەتەوە. لەساڵی 1979 ـ 1990 هەقدەستی کرێکاران لەئەمریکا بەڕێژەی 12٪ دابەزیوە. سێیەکی کرێکاران مافو هەقدەستی کەمتریان هەیە بەراوورد لەگەڵ 20 ساڵی رابوردوودا [5]. هەروەها لەخودی ووڵاتانی پیشەسازی پێشکەووتووی ئەورووپادا کەکۆی دانیشتوانەکەی 370 ملیۆن کەسە بەڕێژەی 12٪ بێکاری هەیە واتە 18 ملیۆن کەس [6]. لەدوائامارێشدا کەلەمانگی ئەیلوولی ئەمساڵدا بڵاوبۆوە لەووڵاتی یاباندا ئێستا بەڕێژەی 3،2٪ بێکار هەیە واتە سێملیۆنو نیو کەس لەو ووڵاتەدا بێکارنو ناچارن سۆسیال وەربگرن، سۆسیالێك کەتەقریبەن 50٪ ی ئەو مافو حقووقانەیە کەلەکاتی کارکردندا وەریدەگرن.

جگە لەوانە بەهۆی هێرشی بۆرژوازیو سەرمایەدارانەوە، بەهۆی پەیڕەویکردن لەسیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێو کەمکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاستی ژیانو گوزەرانی چینی کرێکار بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دابەزیوە. هەژاریو بێمافی

[5] نشریه نگاه – دفتر چهارم، مقاله: نگاهی به اقتصاد جهانی در استانەی سال 2000 – مرتضی محیط.

[6] بروانە ئیکۆنۆمیست لەمانگی ئابی 2001 دا

چینی کرێکار لەوولاّتانی پیشەسازی پێشکەووتوودا زۆر زیادی کردووە. ئێستا زاراوەی "کرێکارانی هەژار" –واتە ئەو کرێکارانەی لەخوار هێڵی هەژارییەوە دەژین – بووە بەزاراوەیەکی شائعو عادەتی بۆ وەسفکردنی نالەباری ژیانی بەشێکی بەرچاوی کرێکاران لەمەڵبەندەکانی سەرمایەداری هاوچەرخدا. لەئەمریکا 35 ملیۆن کەس لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین، لەوولاّتانی ئەورووپاشدا ئەو ژمارەیە 53 ملیۆن کەسە.

ئەو بارودۆخە ناهەموارەی لەولاّتانی رۆژئاوادا رووبەڕووی گشت چینی کرێکار بۆتەوە هەم بێبڕواییو بێمتمانەیی لەناو ریزەکانی چینی کرێکاردا سەبارەت بەهێزو توانای کۆمەلاّیەتیو ئابووری خۆی دروستکردووەو پەرەیپێداوە، هەم بووە بەزەمینەیەك بۆ هێرشکردنە سەر چینی کرێکارو زاڵبوونی بۆچوونو سیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێ بەسەر کۆمەڵگادا، تا ئەو ئەندازەیەی نیولیبرالەکان لەو بارودۆخەدا ئیدعایان کرد چینی کرێکار وەکو چینێکی کۆمەلاّیەتی کەمانیفێستو مارکس باسی کردووە ئیتر بەهۆی ئاڵوگۆڕە تەکنیکیە نوێیەکانەوە لەبەین چووەو لەپووکانەوەو نەماندایەو لەئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا خەبەرێك لەبوونو دەورو رۆلی ئەو چینە نابێ ! لەرێگەی ئاڵوگۆڕە تەکنیکیەکانەوە سەرمایەداری توانیویتی کۆمەڵگایەکی تەکنەلۆژی نوێ دابمەزرێنێ کەپرۆلیتاریای تێدا نەبێ، ناکۆکی چینایەتی تیادا نەمێنێو بچێتە خانەی مێژوویەکی دوورەوەو....تاد. خێرایی ئاڵوگۆڕە تەکنیکیەکانو جێبەجێکردنیان لەمەیدانی کاردا، بێکارسازی ملیۆنی، خۆبەدەستەوەدانی سەندیکا ریفۆرمیستەکانو بەگشتی سازشی ریفۆرمیزمو سۆسیال دیموکراسی لەگەڵ بۆرژوازیداو دەستەمۆکردنی کرێکاران بۆ سیاسەتو پلانەکانی لیبرالیزمی نوێ، هەموو ئەوانە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو خۆشباوەڕیانەی بەهێزکردو تەنانەت خودی کرێکارانو هەڵسووڕاوانی کرێکاری تووشی سەرەگێژەو بێئاسۆیی کرد.

بەلاّم بەتێپەربوونی کاتو رەوینەوەی ئەو تەمو مژانەی هێرشی سەرمایەدارانو بۆرژوازی پێکی هێنابوو، وێنە واقعیەکانو دیمەنەکانی ئەو دیوویان بەڕوونی دەرکەوتن.

بەڕۆشنی دەرکەوت ئەو ئاڵوگۆڕانە:





1– پێکهاتی چینی کرێکاری گۆڕیووە نەك بوونو وجوودی ئەو چینەی نەهێشتبێ:

بێکارسازی ملیۆنی تەنها دیوێکی دیمەنەکەیە، دیوەکەیتر دووبارە کارپێکردنو بەکارهێنانی کرێکارانی بێکارە لەبەرهەمهێنانی کۆمەلاّیەتیو مەیدانەکانی کاردا. ئەگەرچی کرێکارانی پیشەسازی ،بەمانا تەقلیدییەکەی، لەوولاّتانی سەرمایەداری ئەورووپاو ئەمریکاو یاباندا کەم بۆتەوە، بەلاّم هێشتا زۆرترین ژمارەی کرێکاران لەمەیدانی پیشەسازیدا کاردەکەن. بەلاّم لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کەکاری کرێکاران لەبواری پیشەسازیدا بەشێوەیەکی سەرەکی ئاڵۆگۆڕی بەسەردا هاتووە. لەتەنیشتو لەپەیوەند بەبەرهەمهێنانی پیشەسازی ئۆتۆماتیکییەوە ژمارەیەکی زۆری کرێکاران خەریکی ئامادەکردنی پێویستییەکانی بوونو بەردەوامبوونی کاری پیشەسازین، خەریکی بەرنامەدانانن بۆ کاری ئامێرەکانو کۆمپیوتەرەکانو بەرێوەبردنیان، خەریکی دابەزاندنی ئەو بەرنامەو پلانانەن لەپەیوەند بەئامێرەکانەوە. بەکورتی خەریکی ئامادەکردنی ژێربینای تەکنیکی پێویستن بۆ بەکارهێنانو دووبارە بەکارهێنانەوەی ئامێرەکان لەمەیدانی بەرهەمهێناندا. بۆیە دەبینین ژمارەی ئەو کرێکارانە بەردەوام زیادی کردووە. بەپێی راپۆرتی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لەساڵی 1950 ەوە ئەم بەشە لەچینی کرێکار ساڵانە لەوولاّتانی رۆژئاوادا بەرێژەی 3٪ زیادی کردووە، تا ئەو رادەیەی ئەو کرێکارانەی بێکارکراون سەرلەنوێ لەو مەیدانانەدا کاریان پێکراوەتەوە. هەر هەمان راپۆرت ئاماژە بەوەدەکات کەئەم بەشە لەچینی کرێکار لەولاّتی ئەمریکا بووە بەسێیەکی گشت هێزی کاری ئەو وولاّتە. وەلەهەندێك لەوولاّتانی ئەورپاشدا ئەو رێژەیە ئێستا لەنیوە زیاترە.

2– ئاڵوگۆڕەکانی دنیای سەرمایەداری هاوچەرخ ژمارەی چینی کرێکاری زیادکردووە نەك کەمی کردبێتەوە. ئیدعای ئەوەی چینی کرێکار ئینقرازی کردووە یان خەریکە دەیکاتو لەتوانەوەو پووکانەوەدایە، وەیان کرێکارانی پیشەسازی خەریکە لەبەیندەچنو.......تاد ئیدعایەکە خودی دەزگا جیهانییە زەبەلاحەکانی سەرمایەداری

بـەدرۆی دەخاتـەوە. راپۆرتێکـی صندوقـی دراوی نێودەوڵـەتی"IMF" کەلەســاڵی 1999دا بڵاوبۆتەوە دەڵێ:

ژمارەی کرێکارانی پيشەسازی لـە24 وولاتـی پێشـکەووتووی سـەرمايەداريدا لەسـاڵی 1900 دا 51.7 مليۆن بوو، لەساڵی 1957دا ئەو ژمارەيە گەيشت بە 88مليۆن، ساڵی 1971 بوو بە120 مليۆن کەس، وەلەساڵی 1988دا دابەزی بۆ 112 مليۆن کەس. تەنها لەئـەمريکا لەساڵی 1900 دا 8.8 مليۆن بوو، وەلەساڵی 1950 دا 20.6 مليۆن، لەسـاڵی 1971 دا 26 مليۆنو لەساڵی 1998 دا 31 مليۆن کەسە.[7]

بـەڵام کـاتێك وێنـاکردنی ديمەنـەکان باشـتر دێنـە پێـش چـاو کەلەمەڵبـەندی تـەقليدی سەرمايەداری دنيا دەربچينو چاوێك بگێرين بەسـەر وولاتـانیتری دنيـادا کەلەسـاڵی 1900 بەدواوە وە بەتايبــەتی دوای جـەنگی جيـهانی دووەم هاتوونەتـە نێـو بازنـەی سـەرمايەداری جيهانیيەوە. لەو وولاتانەدا بەشێکی بـەرينی کۆمـەڵ بـوون بـەکرێکارو هاتوونەتـە بـازاڕی کارەوە. سەدان مليۆن کەس لەهەرچەشـنە ملکايەتیيـەك دامـاڵراونو تەنـها شـتێك بۆيـان مابێتەوە کرێکاریو فرۆشـتنی هـێزی کاريانـە بەسـەرمايەدارانو دەوڵەتـەکانيان. سـەرەڕای خاویو هێواشی گەشەی پەيوەنديیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمايەداری لـەوولاتانی عـەرەبيدا بەپێی راپۆرتی "رێکخراوی کاری عەرەبی" ژمارەی کرێکاران لەوولاتانی عەرەبيدا تاساڵی 2000 لە 85 مليـۆن کـەس تێپـەڕيوەو لـەم رێژەيـە ئێسـتا 15 مليۆنيـان بێکـاری يەخـەی پێگرتوون. جگە لەوولاتـە دواکـەووتووەکانی سـەرمايەداری لـەوولاتانی تازەپێگەيشـتووی سەرمايەداريدا (وولاتانی باشووری رۆژهـەڵاتی ئاسيا ناسـراو بـە"پڵنگـە ئاسـيايیيەکان"، بەرازيلو مەکسيكو ئەرجەنتينو..........تاد) سەدان مليۆن کەس لەخەڵکی ئـەو وولاتانـە هاتوونەتە ريزی چينی کرێکاری جيهانیيەوەو بوون بەبەشێکی گرنگــی ئـەو چينـە لـەدنيای

[7] “report on the us economy”, june 1999, available at site www.imf.org





ئەمڕۆدا. بـۆ نموونـە تەنـها لـەوولاتی ئەندەنووسـيادا 90 مليـۆن کـەس بـوون بـەکرێکارو سەرچاوەيەکی گرنگ بۆ هێزی کاری هەرزانی وولاتانی سەرمايەداری رۆژئاوا.

لەواقعدا جيـهانگيری سـەرمايەو سـەرمايەداری، تەکنـەلۆژيای نـوێو خـێرايیو فـراوان بوونەوەی دەسەڵاتی کۆمپانيا فرەڕەگــەزەکان لەمەودايـەکی فراوانـتردا بەشـێکی گـەورەی لەمرۆڤايەتی خستۆتە ريزی چينی کرێکاری جيهانیيەوە.

3- بەپێچەوانـەی کـەمپی ليـبراليزمی نـوێو بـازاڕی ئـازادەوە، تەکنـەلۆژيای نـوێ زەمينـەکانی لـەنێوچوونی بـۆرژوازی فەراهـەم کـردووە. بـەکاربردنی تەکنەلۆژی نـوێو جيهانگيری سەرمايە تاهـاتووە بەشـێکی زۆرتـری لەمرۆڤايـەتی کـردووە بـەچينی کرێکـارو بەشێکی هەرچی کەمتر بەبۆرژوازیو سەرمايەدار. ئەمڕۆ لـەهەر گۆشــەيەکەوە سـەير بکـەی بـۆرژوازیو خـاوەن ملـكو سـامانەکان بـوون بەکەمايەتیيـەکی بچـووك لەکۆمــەڵگای هاوچەرخدا.

"نيۆرك تايمز" لە9ی ئەيلوولی 1999دا سـەبارەت بەئـەمريکا دەنووسـێ " قڵشـتی نێـوان هەژارانو دەوڵەمەندان بەرادەيەك زيادی کـردووەو قـوول بۆتـەوە کەئەمسـاڵ داهـاتی 2،7 مليۆن ئەمريکی ـ واتە لە1٪ ی کۆمەڵ ـ بەئەندازەی داهاتی 100مليۆن ئەمريکیتربووە. ئەم رێژەيە بەبەراوورد لەگـەڵ سـاڵی 1977دا دوو ئـەوەندە زيـادی کـردووە، چونکـە بـەپێی حساباتی بودجەی کۆنگريس ئەو کاتە داهاتی لــە1٪ی باڵادەسـتەکانی ئـەمريکا ئـەوەندەی دەرامەتی 49 مليۆن کەس بوو" !

هەروەها بەپێی راپۆرتی گۆڤاری "فۆربز" کەلەساڵی 2000 دا بڵاوکردەوە کۆی داهاتی 200 کەس لەدەوڵەمەندترين کەسانی دنيا يەك تريليۆن دۆلارە ! کەبەپێی راپۆرتـی خـودی un دەکاتە داهاتی لە 47٪ ی هەموو خەڵکی دنيا، واتە داهاتی 2 مليارو 600 مليۆن کـەس !

هەروەها لێکۆلینەوەیەك کە "دەزگای عەرەبی بۆ دابینکردنی سەرمایەگوزاری" بڵاویکردەوە سامانی 310 هەزار کەس لەدەوڵەمەندەکانی عەرەب لە800 ملیار دۆلار زیاترە. لەم ژمارەیە 185 هەزاریان خەڵکی سعوودیەو ئیماراتو کوەیتن‌و تەنها ئەوانە خاوەنی 718 ملیار دۆلاری ئەمریکین ![8]

ئەو ئامارانە کەخودی ناوەندە رەسمیو ئیعتراف پێکراوەکانی بۆرژوازی بڵاویکردۆتەوە روونی دەکاتەوە بەچ شێوەیەك لەهەموو گۆشەو کەنارەکانی دنیادا، چۆن لەسایەی سەرمایەداریو جهانگیریدا بۆرژوازی بووە بەکەمایەتییەکی بچووكو ناکۆکییە چینایەتییەکانیش تاهاتووە قووڵتربۆتەوە. چۆن ملیارەها کەس لەلایەن ئەو کەمایەتییەوە دەچەوسێنەوەو ئیستغلال دەکرێن، وەچۆن مرۆڤایەتی پێویستی بەوەیە سەروەتو سامانی کەڵەکەبوو لەژێردەستی ئەو کەمایەتییە دەربهێنێو بیخاتەوە ژێردەستی خودی کۆمەڵ.

ئەوانەی بەڵگە دەهێننەوە بۆ نەمانی چینی کرێکارو ئاوابوونی دەوری ئەو لەمێژوودا لەولایشەوە بوونی بۆرژوازیو دەسەڵاتی ئەو بەسەر گۆی زەویدا پیرۆزدەکەن بیریان چووە ئاڵوگۆرە تەکنیکییەکانو ژێربینای تەکنیکیو ماددی پیشەسازی نوێ تاهاتووە زەمینەی ئەوەی خۆشکردووە کۆمەڵگایەك دابمەزرێ نەکرێکاری تێدابێو نە بۆرژوازی. زۆربەی کۆمەڵ کەکرێکارانن دەیانەوێ هەرچی زووتر ئەو کۆمەڵگایە دابمەزرێو وەکو کرێکار نەمێننەوەو لەکرێکاری رزگاریان بێو چیتر هێزی کاری خۆیان نەفرۆشن، بەڵام ئەوە بۆرژوازییە بوونی خۆی بەپیرۆز دەزانێو بەهەر شێوەیەك بێ بەڵگە بۆ پاراستنی دەهێنێتەوەو هاوکات دیفاع لەبوونو مانەوەی فعلی کرێکاریش دەکات تا بیچەوسێنێتەوەو ئیستغلالی بکات.

## کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانو خەباتی کرێکاران !

بەڵام زیادبوونی ژمارەی چینی کرێکارو گۆڕینی پێکهاتەکەی، قووڵبوونەوەی قڵشتی چینایەتیو پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی سەرمایەداری، فەراهەم بوونی زەمینە ماددییەکانی دامەزراندنی سۆسیالیزمو کۆمەڵگایەکی نوێی بێچینو چەوسانەوە، هەموو ئەوانە هێشتا

---

[8] مقال " أمتان" فی نشرة بلاغ الشیوعیة العدد : 4





گوزارشت لەدەورو دەخالەتی سیاسیو کۆمەڵایەتی چینی کرێکارو کاریگەرییەکانی لەسەر رووداو گۆرانگاریەکانی دنیای ئەمڕۆ ناکەن. بۆ ئەوەی چینی کرێکار ئەو دەورو نەخشەی هەبێ پێویستی بەباوەڕو متمانە بەخۆکردنە، پێویستی بەهۆشیاریو ئیرادەنواندنو رێکخراوبوونە، پێویستی بەوە هەیە تا نەك هەر لەسەر ئاستی ناوخۆییو لۆکاڵ، بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش یەکڕیزی بەدەست بهێنێو هاوخەباتیو هاوپشتی چینایەتی توندوتوڵ دابمەزرێنێ.

لەو چەکە کاریگەرانەی بۆرژوازیو کەمپی لیبرالیزمینوێو لایەنگرانی جیهانگیری سەرمایەداری دژی چینی کرێکار بەکاریان هێناوەو دەیهێنن خولڵقاندنی بارودۆخێکی ماددیو فکرییە بۆ تەسلیمبوونی چینی کرێکارو لەدەستدانی هەرچەشنە باوەڕو متمانەیەك بەهێزو رۆڵی چینایەتی خۆی.

سەرهەڵدانو گەشەکردنی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانو دەسەڵاتی زەبەلاحی ئەوان بوو بەسەرەتایەکیتر بۆ هێرش بردنە سەر چینی کرێکارو تێکشکاندنی ووزەو توانای شۆڕشگێڕانەی.

نیولیبرالەکانو بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانو لایەنگرانی جیهانگیری دەڵێن خەبات دژی سەرمایەو دەسەڵاتی زەبەلاحی ئەوان بێهوودەیە. کرێکاران لەسایەی ئەو کۆمپانیایانەدا بێدەسەڵاتنو هیچیان لەدەست نایەت. هەر کاتێك لەلقێك لەلقەکانی ئەو کۆمپانیایانەدا ئەوان نارەزایەتی دەربڕنو بۆ مافو داخوازی زۆرترو زیاتر تێبکۆشن ئەوە قازانجی کۆمپانیاکە دەهێنێتە خوارەوەو ناچارە بۆ بەدەست هێنانی قازانجی زیاتر ئەو لقە دابخاتو بارو بارگە بپێچێتەوەو بچێ بۆ شوێنێکیتر کەکرێکاری هەرزانو بێدەنگی لێبێ !، گوایە پیشەسازی هاوچەرخ بەهۆی تەکنەلۆژی نوێوە واسادەو سووك بووە سەرمایە دەتوانێ بەئاسانی لقێکی بەرهەمهێنان لەشوێنێکدا دابخاتو بیگوێزێتەوە بۆ جێگایەکیتر.

توانایی هەندێك لەكۆمپانیاكان بۆ كردنەوەی لقی‌تر لەهەندێك لەووڵاتانی دنیا كەهێزی كاری هەرزانتری هەبووەو رووكردنە ناوچە بازرگانی‌یە ئازادەكانو بێكارسازی سەپاندن بەسەر كرێكارانی ئەو كۆمپانیایانەدا بارودۆخێكی ترسناكی خولقاند بۆ چینی كرێكاری ووڵاتانی پێشكەووتووی سەرمایەداری. وادەهاتەپێش چاو سەرمایە بەشێوەیەكی موتڵەق ئەتوانێ بۆ هەر كوێیەك مەبەستی بێ بچێتە ئەوێو بەئارەزووی خۆی ئاستی كرێو مافەكانو ئاستی گوزەرانی كرێكاران دیاریبكات. لەو بارودۆخەدا خەباتو جوڵانەوەی كرێكاران بەڕادەیەكی بەرچاو پاشەكشەی‌كرد. كرێكارانی ئەو بەشانە سەنگەرێكی دیفاعی لاوازیان بۆ پاراستنی دەسكەوتەكانیانو وەڵام بە هەڕەشەكانی سەرمایە بۆ داخستنو گوێزانەوەی لقو بەشەكانی هەڵبژارد. باوەڕی كرێكاران بەهێزی خۆیان، بەتواناییو سەمەری كارو خەباتو مانگرتنو خۆپیشاندانەكانیان كەم بووەو لاوازبوو. بەگشتی ئەو ئیحساسە دروست بوو كەخەبات دژی دەسەڵاتێكی زەبەلاحی جیهانی بێهوودەیە یان بێسەمەرەو رەنگە ماڵوێرانی بەشوێندا بێ وەك باشكردنی ژیانو گوزەرانیان.

بەڵام دوای 20 ـ 30 ساڵ لەدەسەڵاتی بێهاوتای ئەو كۆمپانیایانە بەڕوونی دەركەوت كە سەرمایە بەئاسانی ناتوانێ بنەو بارەگای خۆی بگوێزێتەوەو لەجێگایەكی‌تر سەرمایەگوزاری بكات، بەتایبەتی بەئاسانی ناتوانێ لەووڵاتانی دواكەوتووی سەرمایەداری‌دا،كەخاوەنی لاوازترین ژێرخانی تەكنیكی پێویستن، سەرمایەگوزاری بكات هەرچەند سەرچاوەیەكی ووشكنەبووی هێزی كاری هەرزانیشی هەبێو بەو هۆیەوە قازانجێكی زۆرو زەبەند بۆ سەرمایە مسۆگەر بكات.

بەرۆشنی دەركەوتووە پیشەسازی‌یە قورسەكان بەئاسانی جموجوڵیان پێناكرێو هەر كارێكی لەو بابەتەش چەندین ساڵی دەوێو فرسەتی سوودو قازانج لەو ماوەیەدا لەدەست هەر كۆمپانیایەك دەكاتەوە كەپڕۆژەیەكی لەو جۆرە بخاتە دەستووری كارەوە. بۆ نموونە كۆمپانیای فۆرد لەدوای دووساڵ ئنجا توانی لقێكی بەرهەمهێنان بۆ شاری "داگنهام"ی





ئەڵمانی بگوێزێتەوە، لەم حاڵەشدا گوێزانەوەكە لەنێوان دوو ووڵاتی پێشكەوتووی سەرمایەداری‌دا روویداوە نەك رووەو ووڵاتێكی‌تر كەهێزی كاری هەرزانی هەبووبێ.

ئەوەی كەهەندێك پیشەسازی وەك چنینو سۆفتۆرەكان"software " ئاسانتر دەتوانن جموجوڵبكەن ئەوە وەك "كریس هارمان" لەووتاری "ئەنتی كاپیتالیزم: تیۆریو پراكتیك"دا دەڵێت ئیستسنایەكە نەك قاعدەیەكی زاڵو كارپێكراو.[9]

لەواقعدا جموجوڵی سەرمایەو سەرمایەگوزاری كردن لەدەیەی نەوەتەكاندا بەڕێژەی 84٪ لەنێوان ووڵاتانی ئیمپریالیستیو پێشكەوتووی سەرمایەداری خۆیدابوو. بەپلەی دووەم لەگەڵ ووڵاتانی تازەپێگەیشتووی سەمایەداری‌دا بوو، وە بەپلەی سێیەمو ئەخیر لەگەڵ ووڵاتانی جیهانی سێیەمدا بووە.

لەبەرئەوە هەڕەشەی سەرمایەو كۆمپانیا فرەڕەگەزەكان دژی چینی كرێكارو كرێكارانی لەسەركار تاهاتووە ناوەڕۆكو ماكەكەی ئاشكرابووە. دەركەوتووە ئەو هەڕەشەیە زۆرتر بۆ تەسلیمبوونو خۆبەدەستەوەدانی كرێكارانە، بۆ رازی‌بوونە بەحقووقی كەمترو هەرزانتركردنی نرخی هێزی‌كاریانە.

هەروەها ئیحساسی بێ توانایی لەڕووبەڕووبوونەوەی ئەو كۆمپانیایانەدا لەلایەن چینی كرێكارەوە بەڕادەیەكی باش كەمبۆتەوە. مانگرتنی كرێكارانی لقێكی ئەو كۆمپانیایانە بەخێرایی بوعدی ووڵاتیو لۆكاڵی بڕیوەو بۆ هەموو لقو بەشەكانی‌تر تەشەنەی كردووە. كاتێك كرێكارانی فۆردی بەریتانیا لەساڵی 1998دا مانیان گرت هەموو لقەكانی‌تری ئەو كۆمپانیا زەبەلاحە لەووڵاتانی تری ئەوروپا تووشی ئیفلیجی بوون. بۆ بەشێكی بەرچاوی كرێكاران ڕوون بۆتەوە كەدەتوانن دەست بنێنە بیناقاقای ئەو كۆمپانیایانەو گەروویان بتاسێنن.

---

[9] "Anti-capitalism: theory and practice" - by Chris Harman (from ISJ no. 88 Autumn 2000)

لەلایەکیترەوە گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری لەوولاتانی تازە پێگەیشتووی سەرمایەداری لەچەشنی کۆریا، ئەرجەنتین، بەرازیل، مەکسیك ..... تاد ئومێدێکی تری داوە بەچینی کرێکاری جیهانی تا هاوپشتیو هاوخەباتی لەریزەکانی خۆیدا بەرێتە سەرو بەرەیەکی جیهانی دژ بەو کۆمپانیایانە دابمەزرێنێ. ئەو قۆناغە لەهاوپشتیو هاوخەباتی دەمێکە دەستی پێ کردووەو خەریکە شکلۆ ئسلوبی نوێ دژی جیهانگیری و دەسەلاتی ئەو کۆمپانیایانە بەخۆوە دەگرێ.

## هەستانەوەو گەشەی بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی!

ئەگەر ئەو بارودۆخەی پێشتر باسمان کرد هەمەلایەنە کاریگەری لەسەر چینی کرێکارو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دانابێو بۆ ماوەیەك پاشەکشەی پێ کردبێ ئەوە هەرگیز نەیتوانیوە بەرگریو تێکۆشانو خەباتی چینی کرێکاری جیهانی بۆ باشبوونی ژیانو گوزەرانو دژایەتیکردنی نیزامی سەرمایەداری ڕابگرێ وە یان زەمینەی ماددی تێکشکانی ئەوانە فەراهەم بکات. بەپێچەوانەوە دەبینین تێکڕای ئەو بارودۆخە زەمینەی ڕادیکاڵبوونەوەو بووژانەوەی خەباتی کرێکاریو سۆشیالیستی خۆشکردووەو گوڕوتینی داوەتێ. دەکرێ ئەو فاکتەرە سەرەکیو یاریدەدەرانەی دەوریان هەبووە لەهەستانەوەو گەشەو ئینتلاقی بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستیداو دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی خەباتو تێکۆشانی کرێکاریو ڕادیکاڵو سۆشیالیستی بەم جۆرەی خوارەوە باس بکەین:

### 1/ دیفاع لەمارکسیزمو هەوڵ بۆ گەشە پێدانی!

سەرەڕای هێرشی تەبلیغاتی بۆرژوازی جیهانی کە بەڕووخانو هەرەسی یەکێتی سۆڤیەتو وولاتانی سۆسیالیستی درۆینە بەڕێیان خست، بزووتنەوەی چەپو سۆسیالیستی دیفاعی جددی لەمارکسیزمو پایەو ئەحکامەکانی کردووەو هەوڵیداوە وەکو چەکێك دەمەزەردی بکاتەوەو لەدژی دوژمنانی چینایەتی خۆی بەکاری بهێنێ. بەهۆی ئەم هەوڵو تێکۆشانەوە





هەم ڕووهێنان لەناوەڕاستی دەیەی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەو بەرەو مارکسیزمو کۆمۆنیزم زیادی کردووەو هەم بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو سۆشیالیستی توانیوێتی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێ لەبزووتنەوەی دژی سەرمایەداریداو ئالای مارکسیزمو سۆسیالیزم بەرزبکاتەوە. هەڵبەت ئەو هەوڵو تێکۆشانە کتوپڕو لەخۆڕاو بێپێشینە نەبووە، لەدەیەی شەستەکانەوە سەرەتاکانی دەستی پێکردووەو وەکو ڕەوەندێك درێژبۆتەوە بۆ دەیەی نەوەتەکانو سەنتەری ئەو ڕەوەندەش ئەورووپاو ئەمریکا بوو.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەساڵی1917دا ڕوسیای کرد بەسەنتەری مارکسیزمو کۆمۆنیزم لەجیهاندا، کاتێك ستالینیزم سەریهەڵدا ئەو میراتەی بۆ خۆی بردو لێکدانەوەو سیاسەتو ڕێبازەکانی بەهەمان شێوە مەودایەکی جیهانی بەخۆوە گرت.

بالادەستی نیمچە موتلەقی ستالینیزم بەسەر بزووتنەوەی مارکسیستیو کۆمۆنیستی دنیادا تا شۆڕشی چینو بوونی ماویزم بەقوتبێکیتر درێژەی کێشا. دابەشبوونو ململانێی کۆمۆنیزمی ڕوسیو کۆمۆنیزمی چینی لەسەر تەواوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دنیا ڕەنگی دایەوەو ڕیزبەستنێکی نوێی بەدەوری هەریەك لەم دوو سەنتەرە جیهانییەدا پێکهێنا. قەیرانو بنبەستی هەریەك لەم دوو سەنتەرە لەدەیەی شەستەکاندا بەڕۆشنی خۆی نیشاندا. خستنەڕووی بەدیلو ڕێگاچارەیەکیتر وە یان دروستتر خستنەڕووی لێکدانەوەیەکی مارکسیستی بۆ ئەو بارودۆخە ببوو بەپێویستییەك کە دەبوو مارکسیستەکان وەڵامی پێبدەنەوە. لەم پێویستییە فکریو سیاسییەوە سەرەتاکانی گواستنەوەی سەنتەری مارکسیزمو کۆمۆنیزم بۆ ئەورووپای غەربی دەستی پێکرد. چوونەسەری ئیعتباری ترۆتسکیو نرخاندنی کارو نووسراوەکانی، گەڕانەوە بۆ گرامیشی، بۆ جۆرج لوکاشو بۆ ڕۆزا لۆکسمبۆرگو باقی ڕابەرانی مارکسیستیتر هاوشانی گەڕانەوە بۆ مارکسیزمی کلاسیك دەستی پێکردو ووردە ووردە بەشێك لەبزووتنەوەی مارکسیستیو چەپی لەئەورووپای غەربیدا لەژێر کاریگەرییەکانی ستالینیزمو ماویزمو کەمو کوڕییە سەرەکییەکانی ترۆتسکیزمدا دەردەکێشاو سیماو تایبەتمەندی سەربەخۆی پێدەبەخشی.

کاتێك ڕووداوەکانی 1968و خرۆشانە خوێندکارییەکانو دواتر شەپۆلی بەرینو فراوانی مانگرتنە کرێکاریو جەماوەرییەکان دەستی پێکرد سەرمایەداری لەئەورووپاو ئەمریکادا کەوتە ناو گێژاوی ئەزمەو قەیرانێکی درێژخایەنەوەو زیاتر ئەو ڕەوەندەی سەرەوە گوڕو تینی پەیداکردو زەروورەتی درێژەپێدانو کاملکردنی خۆی سەپاند.

دیارە من لێرەدا ناتوانم بەپاراوی باس لەوەبکەم بۆچی ئەم جوولانەوە مارکسیستییە نوێیە، کەبۆ دەیان ساڵ درێژەی کێشا، نەیتوانی بەتەواوی خۆی لەستالینیزمو ماویزم ڕزگاربکاو کەمو کوڕییەکانی ترۆتسکیزم چارەسەربکاتو سەرەنجام ببێ بەمەیلو ڕەوتی زاڵی بزووتنەوەی سۆسیالیستیو کۆمۆنیستی لانی کەم لەئەورووپای ڕۆژئاوادا، کارێکی لەو جۆرە باسی تایبەتو کۆنکریتی پێویستە. تەنها ئەوەندە کافییە بڵێین کە ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتو وولاتانی بلۆکی سۆشیالیزمی درۆینە لەئەورووپای ڕۆژهەلاتداو بنبەستی تەواوی ماویزم نەك هەر نەیتوانی ئەو جوولانەوە مارکسیستییە نوێیە ڕابگرێ ــ هەرچەندە پاشەکشەی پێکرد ــ بەلکو بۆشاییەکی پێکهێنا دەبوو ئەو جوولانەوەیە پڕی بکاتەوەو بەبەدیلو ڕێگاچارەی سەربەخۆی خۆیەوە بێتە مەیدان. چوونە ناو سەنگەری دژ بەبۆرژوازیو لیبرالیزمی نوێو جیهانگیری سەرمایەداریو ئابووری بازاڕی ئازادو ڕەخنەی ڕادیکاڵو ڕیشەیی لەو بەرە جیهانییەی بۆرژوازی بەخێرایی بزووتنەوەی مارکسیستیو سۆشیالیستی تەکان پێداو هێزو تینی پێبەخشی.

لەم سیاقەدا هاوپشتیو هاوخەباتی بەشە جیاوازەکانی ئەو بزووتنەوەیە چووە سەرو ڕێکخراوبوونو حزبایەتی کۆمۆنیستیو پێویستی یەکێتیو یەکپارچەیی بووژایەوەو زیاتر برەوی پەیداکرد. بێگومان هەر بەهۆی ئەو پێشینەو خەباتە درێژخایەنەوەیە کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو سۆسیالیستی توانی هێزێکی سەرەکی جوولانەوەو بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری بێو چالاکانە لە خرۆشانەکانی سیاتلۆ کیوبێكو گوتەنبرگو یۆتۆبۆریو جەنەواو دافوسداو ... تاد بەشداری بکات.





## 2/ بنبەستی سەرمایەداریو بەدیلەکانی بۆرژوازیو پێویستی خستنەڕووی بەدیلێکی سیاسی ئابووری نوێ!

هەراو زەنای هەرەسی سۆسیالیزمو کۆمۆنیزمو ئەبەدیەتی نیزامی سەرمایەداری جیهانی زۆری نەخایاند، ئەو نەزمە نوێیەی بڕیاربوو سیاسەتەکانی بەرەی ڕاستو کەمپی لیبرالیزمی نوێو جیهانگیری دایبمەزرێنێ ناوەڕۆکە کۆنەپەرستانەکەی لەبواری سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیدا بەڕوونی بۆ خەڵکی دنیا ئاشکرابوو، هاوکات نارەزایەتی دژ بەوە سەرانسەری وولاتانی ئەورووپاو ئەمریکاو وولاتانی تری دنیای گرتەوە. لەخودی وولاتانی غەربدا لەناوەڕاستی دەیەی نەوەتەکاندا زنجیرەیەك مانگرتنی گشتی دەستی پێکرد: مانگرتنی گشتی 24سەعاتەی کرێکارانی بەلجیکا لەساڵی1993دا دژی کەمکردنەوەی هەقدەستەکان، مانگرتنی گشتی کرێکارانی ئیسپانیا لەساڵی 1994دا، زنجیرە مانگرتنە بەهێزەکانی کرێکارانی فەرەنسا دژی سیاسەتە دژی کرێکارییەکانی ئالان ژوپیە لەتشرینی دووەمو کانوونی یەکەمی 1995دا، زنجیرە مانگرتنەکانی کرێکارانی ئەلمانیا لەساڵی 1996دا دژی کەمکردنەوەی زەمانەتەکانی تەندروستی، سەرەنجام مانگرتنو نارەزایەتی سەرانسەری لەئەورووپادا دژی داخستنی کارگەی رینۆ لەئیلڤۆردی بەلجیکاو......تاد، هەموو ئەو مانگرتنانە نیشانەی هاتنە مەیدانی جەماوەری کرێکاران بوو بەدژی ئەو بێمافییانەی خاوەنکارەکانو حکومەتە ڕاستڕەوە بۆرژوازییەکان لەو وولاتانەدا بەسەریاندا سەپاندبوون. هەروەها ئەم زنجیرە مانگرتنە یەك لەدوایەکانە دەوری کاریگەری هەبوو لەهەڵبژاردنەکانی ساڵەکانی 1996 – 1998دا، لەسێ وولاتی سەرەکی ئەورووپادا (فەرەنسا، ئەلمانیا، بەریتانیا) پارتە ڕاستڕەوە دەسەلاتدارەکان شکستیان خواردو دەسەلاتیان لەدەستدا، وە بێگومان کاریگەری گرنگیشی گێڕا لەهەستانەوەی زیاتری بزووتنەوەی کرێکاریداو زەمینە رەخساندن بۆ خۆپیشاندانەکانی دژی جیهانگیری سەرمایەداری لەساڵی 1998ەوە تاکو ئەمڕۆ.

لەووڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیشدا کە سەر بە کەمپی سۆڤیەتی جاران بوون نارەزایەتی لەئابوری بازاڕی ئازادو سیاسەتەکانی دیموکراسی غەربی بەهەمان خێرایی هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت سەری هەڵدا. ئەزمەی ئابووریو دارایی ووڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش کە لەساڵی 1997دا دەستی پێکرد گۆشەیەکی بچوکی لەخرۆشانی کرێکارانی ئەو ووڵاتانە بەدژی نیزامی سەرمایەداری جیهانیو کارکردە ئابوریو سیاسییەکانی خستەڕوو، نیشانیدا کەچینی کرێکاری ئەو ووڵاتانە ووزەو توانایەکی شۆڕشگێرانەیان هەیەو وەکو بەشێکی گرنگی چینی کرێکاری جیهانی لەجوولانەوەی دژی سەرمایەداری جیهانیدا بەشداری دەکەن.

بەڵام ئاشکرایە ئەو نارەزایەتیو بزووتنەوە جەماوەریانە کاتێك سەرانسەری دەبێتەوەو مەودایەکی گەورەتر بەخۆوە دەگرێ ئیتر ناکرێ وەکو بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگرو فشارهێنەر بمێنێتەوەو پێویستی بەکۆبوونەوە لەدەوری بەدیلی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی سەربەخۆ هەیە.

لەم پێویستییەوە کۆمۆنیستەکانو سۆسیالیستەکان دێنە ناوەوەو وەك هێزێك کەخاوەنی بەدیلو سیاسەتو ڕێگاچارەی کۆمەڵایەتین کرێکارانو خەڵکی ڕادیکاڵو ئازادیخواز لەدەوری خۆیان کۆدەکەنەوەو وەکو تەرەفێکی سەرەکی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری ئەرکە چینایەتیەکانی خۆیان جێبەجێدەکەن. هەستانەوەو ڕووهێنانی بەرەو چەپو سۆشیالیزم لەم بارودۆخەدایە کە پەرەدەسێنێو زیاد دەکات.

## 3/ بنبەستی ریفۆریزم

ئەزمەی درێژ خایەنی سەرمایەداری لە ساڵی1970بە دواوە تاهاتووە زەمینەکانی بنبەستو ئیفلاسی ریفۆرمیزمی تەقلیدی فەراهەم کردووە، بێتوانایی ریفۆرمیزمی تەقلیدی لەبەرەو ڕووبوونەوەی ئەزمەو قەیرانی سەرمایەداریو تەسلیم بوون لەبەرامبەر هێرشەکانی لیبرالیزمی نوێو حکومەتو خاوەن کارەکاندا، دەستەوسانی بەرامبەر دەسەڵاتو هێزی





کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانو سیاسەتی بێکارسازیو هەرەشەکانیان، خۆبەدەستەوەدان لە کاتی قوڵبوونەوەی ڕکودو قەیرانە ئابووریو سیاسییەکانداو هەوڵ بۆ دەستەمۆکردنی کرێکارانو خەڵکی نارازی بۆ بۆرژوازیو...تاد ئەوانەو زۆر فاکتەریتر لە 30ساڵی ڕابردوودا تێکرا زەربەی کاریگەریان داوە لەدەسەڵاتو نفوزی ریفۆرمیزم لەبزووتنەوەی کرێکاریو لەکۆمەڵگاکانی ڕۆژئاواو ووڵاتانی سەرمایەداری تازە گەشەکردوودا.

بەشێکی بەرچاو لەچینی کرێکارو بێبەشانی کۆمەڵگای سەرمایەداری لەو بارودۆخەدا دەبینن ئیصلاحی نیزامی سەرمایەداریو داموو دەزگاکانی، خەبات بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەکانو سەپاندنیان بەسەر سەرمایەدارانو حکومەتەکانیاندا دەرمانی دەردەکانیان ناکات، هەر داخوازییەکیش کە بەخەباتو تێکۆشانی بەردەوامیان بەدەستیان هێنابێت، لەهەر ئەزمەو وەرچەرخانێکدا ڕەنگە لەدەستیان بچێتو لێیان زەوت بکرێتەوە، وەکو چۆن حکومەتە ڕاستڕەوەکان لەکۆتایی دەیەی هەشتاکانو سەرەتای دەیەی نەوەتەکاندا ئەو کارەیان کرد، لەبەر ئەمانە بەو باوەڕە گەیشتوون کەدژی گشت نیزامی سەرمایەداری خەبات بکەنو سەرمایەداری وەکو نیزامێك بهێننەوە ژێر پرسیارو لەدژی نارەزایەتی دەربڕن. هەر لێرەوەیە ئەم بزووتنەوە نوێیە بەبزووتنەوەی دژی سەرمایەداری (ئەنتی کاپیتالیزم) ناوزەد دەکرێ.

## 4/ گۆڕانی پێکهاتی چینی کرێکارو سەرهەڵدانی جیلێکی نوێ.

وەکو لەپێشەوە باسمان کرد، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێو بەئۆتۆماتێك کردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی ئالوگۆڕو پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان، پێکهاتی چینی کرێکاری جیهانی، بەتایبەتی لەووڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمریکادا گۆڕیو زەمینەی ڕەخساند بۆ سەرهەڵدانی جیلێکی نوێ لەکرێکاران، سەرەڕای لێهاتوویی تەکنیکی باڵایان، بێبەشبوون لەو مافە سەرەتاییانەی پێشتر چینی کرێکار بەگشتی لێی بەهرەمەندبووە.

ئەم جیلە نوێیە یەکەمین قوربانییەکانی هێرشەکانی لیبرالیزمی نوێو سەرمایەدارانو حکومەتە ڕاستڕەوەکان بوون، سەرەڕای کاری قورسو تاقەت پڕوکێن، چەوسانەوەو ووزەو توانا هەڵمژینیان لەلایەن سەرمایەوە، لەسەرەتاییترین مافە ئابووریو سیاسییەکانیان بێبەشکراوونو هەمیشە لەژێر هەڕەشەی بێکارسازیدا بوون، هاوکات بزووتنەوەی ریفۆرمیستیو سەندیکا تەقلیدییەکان نەیان توانیوە لەگەڵ پێویستی خەباتو ملمڵانێی چینایەتی ئەم بەشەدا خۆیان بگونجێننو بەشداربن لەنارەزایەتیو ئیعترازەکانیاندا بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەکانیان.

بۆیە ریفۆرمیزم لەناو ئەم بەشە فراوانەی چینی کرێکاردا پایەیەکی نەبوو. ئەم جیلە نوێیە بەتووندی دژی سیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێو حکومەتە ڕاستڕەوەکان وەستاوەتەوەو سەنگەریان لێ گرتووە، تینوی ڕەخنەی ڕادیکاڵو شۆرشگێرانە بووە لەنیزامی سەرمایەداریو کارکردە ئابووریو سیاسیو کۆمەلایەتییەکانی. بەم هۆیەوە بەشداریکی سەرەکی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری بووەو ڕووەهێنان لەریزەکانیاندا بەرەو چەپو سۆسیالیزمو کۆمۆنیزم لە 4–5ساڵی ڕابووردوودا لەزیادبوونێکی ڕوو لەسەردایە.

/5 . ..........

* * *

هەموو ئەو فاکتەرە گشتییانەی لەسەرەوە باسمان کرد دووری سەرەکی هەبووە لە دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لەخەباتو تێکۆشانی کرێکاریو سۆسیالیستی. هەروەها بۆتە هۆی ئەوەی بەشداری کرێکارانو ڕێکخراوە کرێکاریو سۆسیالیستیو کۆمۆنیستییەکان لەبزووتنەوەی دژی سەرمایەداریدا زیاتر بێو تارادەیەك بەسیماو خەسڵەتی کرێکاری مۆری بکات.

بەلاّم هەروەك لەسەرەتاوە باسمان کرد تەنها ڕێکخراوە کرێکاریو سۆسیالیستو کۆمۆنیستەکان بەشداری بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری نین، بەڵکو تەرەفو لایەنی جۆراوجۆری تر تیایدا بەشدارنو پێکهاتێکی ڕەنگاڵەییان داوەتێ. لە بارەیەوە پێویستە





بەکورتی لەسەر تەرەفە سەرەکییەکانی بدوێینو دواتر لەسەر سیاسەتو ئامانجەکانی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری بەگشتیو ئاسۆو دوارۆژەکەی چەند قسەیەك بکەین.

## لایەنو تەرەفە بەشدارەکانی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری

جگە لە بزووتنەوەی کرێکاریو ڕێکخراوەو سەندیکا کرێکارییەکانو چەپو سۆسیالیستو کۆمۆنیستەکان زۆر تەرەفو لایەنی جددیتر لەم بزووتنەوەیەدا بەشدارنو دەوری فعالو هەمەلایەنەیان هەیە لەبەرێخستنو ڕێنماییو ڕابەریکردنیدا، بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕۆشن لەسەر ئەو لایەنو تەرەفانە بدەین بەدەستەوە ئەبێ لەچەند خاڵێکی سەرەکیدا باسیان بکەین.

### یەکەم/ ڕێکخراوە ناحکومییەکان NGO:

لایەنێکی سەرەکی بەشداربوو لەبزووتنەوەی دژی سەرمایەداریو جیهانگیری ئەمڕۆدا ڕێکخراوە ناحکومییەکانNGO "Non Government Organization": بەسەدانو هەزاران ڕێکخراوی ناحکومی هەریەك بەجۆرێكو لەڕوانگەیەکەوە بەشداری بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری دەکاتو دەیەوێ نارەزایەتی دژی کەمپی لیبرالیزمی نوێو جیهانگیری سەرمایەداری دەربڕێ. لەدەیەی شەستەکانو حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەم ڕێکخراوانە هاتوونەتە بوونو تاهاتووە بەشێوەیەکی بەربلاّوتر گەشەیان کردووەو بوون بەبەشێکی گرنگ لەڕێکخراوبوونی سیاسیو مرۆیی لەکۆمەڵگاکانی کیشوەری ئەورووپاو ئەمریکادا.

هەڵبەت ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی مەبەستمانە باسیان بکەینو پەیوەندی بەووتارەکەی ئێمەوە هەیە بەدەوری تەوەری جۆراوجۆردا دروستبوون کە لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر چەند خاڵێك دەربارەیان دەنووسین:

## 1/ دژایەتی هەژاری و برسێتی:

ئەو قەیران و ئەزمە ئابوورییـە درێژخایەنـەی لـەکۆتایی دەیـەی شەسـتەکان و سـەرەتای دەیەی حـەفتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا سـەری‌هەڵداو بـۆرژوازی بـارە گرانەکـەی خستە سەرشانی خـەڵك لەرێگـەی دارشـتن و جێبـەجێکردنی سیاسـەتەکانی لیـبرالیزمی نـوێ‌وە تاهاتووە پەرەی‌داوە بەهەژاری و دەسکورتی و برسێتی و فراوانتری کردۆتەوە. ژمارەی ئەوانەی لەژێر هێڵی هەژارییەوە ژیاون زیادی کردووە. لەمەڵبـەندە سـەرەکییەکانی سـەرمایەداری جیهانیدا واتە وولاتانی پێشکەوتووی ئەورووپاو ئەمریکا ئـەم دیاردەیـە لەهەفتاکانـەوە زیـاتر زەق بۆتەوەو لەهەڵکشـانـدابووە، لـەخودی وولاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکادا لەدەیـەی هەفتاکاندا نزیك بـە 27%ی خـەڵك تیـایدا لـەژێر هێڵـی هەژارییـەوە دەژیـان، لەدەیـەی نەوەتەکاندا گەیشت بە 40% و دواتر بـە 55%ی خـەڵکی ئـەو وولاتـە! حـاڵی دانیشـتوانی ئەورووپای یەکگرتوو لەئەمریکا زۆر باشتر نییەو ئەو ڕێژەیە لەپەرەسەندندایە.

هەڵبەت کاتێك دێینە سەر باس لەزیادبوونی هەژاری و برسێتی لـەوولاتانی سـەرمایەداری دواکـەوتوودا ئیـتر ژمارەکـان و ڕێژەکـان سەرسـووڕهێنەرو خـەیاڵین و هـەموو سـنوورێکیان بەزاندووە. لەخودی عێراقدا ژمارەی ئەوانەی لەخوار هێڵی هەژارییـەوە دەژیـان لەدەیـەی نەوەتەکاندا گەیشت بە 95%ی خەڵك، لەئەفریقادا نەك هەر هەژاری و برسێتی بەڵکو قـاتی و قڕی دیاردەیەکی سەرەکی ئەو کیشوەرەیەو نزیك بەتەواوی خەڵکەکەی گوزەران و ژیـانێکی مەمرەو مەژی دەگوزەرێنن.

بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری و برسێتی بەدەیان و سـەدان ڕێکخـراوی نـاحکومی تایبـەت لەوولاتانی ئەورووپاو ئەمریکادا دروسـتبوون و گەشـەیان کـردووە. ئـەم ڕێکخراوانـە بـاس و لێکدانەوەی جددی و هەمەلایەنەیان بووە سەبارەت بەدیاردەی هەژاری و برسێتی و هۆیـەکانی پەرەسەندنی و چۆنێتی ڕووبەڕووبوونـەوەی. ئـەوەی کـە سـەرەنجام بەشـێکی بـەرچاوی ئـەم ڕێکخراوە ناحکومیانـەی هـانداوە بـۆ ئـەوەی بەشـداربن لەبزووتنـەوەی دژی جیـهانگیریدا گەیشتنیان بەو باوەڕە بوو کـە سـەرچاوەی هـەژاری و برسـێتی لەناعەداڵـەتی دابەشـکردنی





سـەروەت و سـامانی کۆمـەڵ و خـودی ڕژێمـی سـەرمایەداری و کـارکردنی بـانکی دوەلی و صندوقی دراوی نێودەوڵەتی و باقی ئۆرگانە سەرەکییەکانی ئەو نیزامەدایە. ئـەو ڕێکخراوانـە هەرچەند ڕەخنەیەکی سۆسیالیستییان لەڕژێمی سەرمایەداری و پەیوەندییەکانی بەرهەمـهێنانی ئەو ڕژێمە نەگرتبێ، بەڵام بەچاوی خۆیان بینیان دوای هەرەسی یەکێتی سـۆڤیەت و وولاتـانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات ژیانی خەڵك لەسایەی سەرمایەداری و بازاڕی ئازادو دیموکراسیدا زۆر ڕەشتر و خراپتربووەو هەژاری و برسـێتی زیـاتر پەرەی‌سـەندو بڵاوبـووە. ژمارەیـەکی کـەمتر لەخەڵك هەرچی زیاتر هەموو سەروەت و سامانی کۆمەڵیان خستە ژێر چنگی خۆیانەوە لـەو لاشەوە زۆربەی خەڵك لەهەژاری و برسێتی و دەسکورتیدا ڕاگیراون.

ئەم واقیعیاتە بەشێکی بەرچاوی ئەو ڕێکخراوانەی هاندا تا دژی لیبرالیزم و جیـهانگیری و ئابوری بازاڕی ئازادی سەرمایەداری بێنە مەیدان و بن بەبەشێك لـەو جوولانەوەیە.

## 2/ دژایەتی کارپێکردنی منالان!

سـەرمایەداری بـۆ ئـەوەی لـەقـەیران و ئەزمـە خـۆی ڕزگاربکـات و قـازانجی زیـاتر بەدەسـتبهێنێ و وەکـو سـەرمایە کەڵەکـەی بکـات، پێویسـتی بـە چەوسـانەوەی زیـاتری هـێزی کـارو هـەرزان کردنـی نرخەکـەیەتی. یەکێـك لـەو ڕێگایانـەی ئـەم ئامانجـەی بـۆ مسـۆگەر دەکـات کـارپێکردنی منـالان و چەوسـانەوەی هـێزی کاریانـە بەشـێوەیەکی هەرزانتر بەبـەراوورد لـەگـەڵ گـەورە سـالاندا.

زۆرجار کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان تەنها بەدەلیلی کارپێکردنی منالان لقێکی بەرهەمـهێنان و خزمەتگوزاری خۆیان لەوولاتێکدا داخستووەو لەشـوێنێکی تـر کردوویانەتـەوە. دیـاردەی کارپێکردنی منالان تاهاتووە زەقتر بۆتەوەو بووە بەکۆسـپێك لـەبـەردەم خـەباتی کرێکـاران و ڕێکخراوەکان و خەباتی خەڵکی ئازادیخوازدا بۆ داسـەپاندنی مـاف و داخوازیـەکانیان بەسـەر بۆرژوازی و حکومەتەکانیاندا.

لەبەرئەوەو بۆ وەڵام بەو پێویستی‌یە بەدەیان ڕێکخراوی ناحکومی گەورە پێکهاتوون ئەرکو وەزیفەی سەرەکی خۆیان بەوە داناوە بەرەنگاری کارپێکردنی منالآن ببنەوەو ڕای گشتی دژی ئەو جۆرە کارە هەڵخرێنن، تاموقاتەعەو بایکۆتی ئەو کۆمپانیاو شەریکاتانە بکەن کە کالآکانیان منالآن بەرهەمی دێننو لێیان نەکڕنو ... تاد. ئەم ڕێکخراوانەش لەدرێژەی کارو هەڵسووڕانی خۆیاندا بەو باوەڕە گەیشتوون کە ئەوە کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانو سیاسەتەکانی حکومەتە لیبرالّیو ڕاستڕەوەکانە سەرچاوەی کاری منالآنو بێمافی ئەوانەو بەرەنگاربوونەوەی جیا نی‌یە لە خەباتێك دژ بەو سیاسەتو لایەنو حکومەتانە. بەم دەلیلە بەشێکی گرنگی ئەو ڕێکخراوانە بەشدارن لەبزووتنەوەی دژی سەرمایەداریو جیهانگیری ئەمڕۆدا.

## 3/ دژایەتی شەڕو جەنگو میلیتاریزم

بەرەنگاربوونەوەو دژایەتی میللیتاریزمو جەنگ لەساڵی 1961دا کەخەریکبوو جەنگی ئەتۆمی لەنێوان یەکێتی سۆڤیەتی جارانو ئەمریکادا ڕووبدات بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ دەستی پێکردووەو تاکو ئێستاش درێژەی هەیەو شکڵی بزووتنەوەیەکی دژی شەڕی بەخۆوە گرتووە کە هەر ماوەجارێك بەهێزێکی زۆرەوە دێتە مەیدانی ململانێ‌کانەوە.

دژایەتی خۆچەکدارکردنو بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵ‌کوژ، دژایەتی شەڕی ڤێتنامو شەڕی کەنداوو شەڕە یەك لەدوای‌یەکەکانی تر ئەوانە هەموو پێویستی دروستکردنی ڕێکخراوی تایبەتی هێناوەتەبوونو ئەو ڕێکخراوانە هەرچەند هەریەکەو لەڕوانگەیەکەوە ڕیشەو هۆیەکانو لایەنەکانی ئەو شەڕانەی لێکداوەتەوە، بەڵام پلاتفۆرمی هاوبەشیان پێشپێگرتنو بەرەنگاربوونەوەی بووە.

هەڵبەت ئەوانیش لەدرێژەی کارو هەڵسووڕانیاندا زیاتر دەوری کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانو تەدەخولی ئیمپریالیستی وولآتانی غەربو دەوری بانکی جیهانیو صندوقی دراوی نێودەوڵەتییان لەهەڵایسانو تەشەنەکردنو دووبارەبوونەوەی ئەو شەڕانەدا دەرك کردووەو





بەڕۆشنی بینیویانە وەعدو بەڵێنەکانی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد کەدەیانووت دنیا ئیتر شەڕی تیادانابێو ئاشتی جیهانی سەقامگیر دەبێ لەسایەی بازاڕی ئازاددا پووچ دەرچوونو دنیا چۆتە حاڵەتی شەڕو جەنگی بەردەوامەوە، بینیوویانە کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان بۆ دەست بەسەراگرتنی نەوتوکانزا گرانبەهاکانی ئەفریقا وەکو ئەڵماسو یۆرانیۆم چۆن شەڕو دووبەرەکی ئەهلی دەخولقێننو کارەساتو تراژیدیای لێدەکەوێتەوەو هەژاریو برسێتیو قاتو قڕی پەرەپێدەدا.

هەموو ئەو واقعیەتانە وایکردووە بزووتنەوەی دژی شەڕو ڕێکخراوەکانی تەرەفو لایەنێکی سەرەکی بەشداربووی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری بنو دژایەتی شەڕو جەنگ بەدژایەتیو بەرەنگاربوونەوەی سەرمایەداری‌یەوە گرێبدەنەوە، هەرچەند ئەمە هێشتا لەشکڵە سەرەتایی‌یەکەیدایە بەڵام ڕەوەندێکەو خەریکە بەهێزتر دەبێ.

## 4/ مەسەلەی قەزرەکان

دەسەڵاتی ئۆلیگارشی مالی لەڕێگەی بانکی دوەلیو صندوقی دراوی نێودەوڵەتی‌یەوە بەسەر دنیادا لەماوەی 30–40 ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زیادی کردووە. بلیۆنەها دۆلار بەشکڵی قەزر دراوە بە حکومەتە بۆرژوازی‌یەکانی وولآتانی سەرمایەداری دواکەوتوو لەبەرامبەر سوویەك(فائدە)ی زۆردا کەسوودو قازانجێکی خەیاڵی بۆ ئەو دوو دامەزراوە مالی‌یە گەورەیە دابین کردووە. ئەو قەرزانە لەلایەك بەهۆی ئەوەی حکومەتە بۆرژوازە فاسدو مافیایی‌یەکانی وولآتانی سەرمایەداری دواکەوتوو هەڵیان لووشیوە وە لەلایەکی‌ترەوە بەهۆی ئەو سووە زۆرەی لەبەرامبەری‌دا وەردەگیرێو ئەو مەرجە دیل هێنەرانەی ئەو دوو دامەزراوە سەپاندوویانە، بەهۆی ئەمانەوە ئەو قەرزانە پەرەیانداوە بەهەژاریو برسێتیو بێکاریو تەواوی ئاکامە خراپو تراژیدیەکانیشی خراوەتە سەرشانی خەڵك.

بەدەوری ئەم تەوەرەیەداو بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی ئۆلیگاریشی مالی ئەو دوو دامەزراوە چەندین ڕێکخراوی جۆراوجۆر پێکهاتوون کەخوازیاری نەدانەوەی قەرزەکان یان ڕاگرتن یان کەمکردنەوەی سوودەکانو دواخستنی دانەوەیانو. .. تاد بوونو زۆرترین هەوڵیان داوە تاکو ئەو داخوازییانە بەسەر بانکی دوەڵیو صندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا بسەپێنن، تائەو ئاستەی هەندێك لەو ڕێکخراوانە خوازیاری هەڵوەشانەوەی ئەو دوو دامەزراوەو جێگرتنەوەیان بوون بەئۆرگانی نێودەوڵەتی تر.

لەکاتێکدا لیبرالیزمی نوێو پەیامبەرانی جیهانگیری وایان نیشانداوەدا قەرزەکان دەبن بەسەرچاوەی خێرو خۆشی بۆ خەڵکی وڵاتانی دواکەوتووی دنیاو بەهۆیەوە دەتوانن لەڕووی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە گەشە بکەن، دواتر بەئاشکرا پووچی ئەم ئیدیعایانەیان کەوتەڕوو، ئیتر ڕێگای واقعی ئەوەبوو هەڵسووڕاوانی ئەم مەیدانە بن بەبەشێکی گرنگ لەنەیارانی جیهانگیری سەرمایەداریو نەیارانی سیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێو ووزەی تەواوی خۆیان لەبزووتنەوەی دژی سەرمایەداریدا بخەنەگەڕ.

* * *

هەڵبەت ئەوانەی لەسەرەوە باسمان کرد ئەو تەوەرە سەرەکییانەبوون کە ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەدەوریدا پێکهاتوونو تێکڕا زەمینەیان خۆشکردووە بۆ دروستبوونی ڕێکخراوی گەورەترو شمولیتر کەتایبەت بن بەبەرەنگاربوونەوەی جیهانگیریو دامەزراوە گەورەکانی بۆرژوازی جیهانی: بۆنمونە ڕێکخراوی ATTAC، یان ڕێکخراویGlobal Resistance، یان کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکانی دنیا Social Forum کە لەبەرامبەر بەکۆبوونەوەو منتدی ئابووریو سیاسییەکانی دامەزراوە جیهانییەکانی وەکو WTO واتە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیو (منتدی)ی ئابووری جیهانی دەبەسترێن.

ئەم ڕێکخراوو کۆبوونەوانە بەهۆی ئەو سابقەو پێشینەیەی پێشووەوە ئەمڕۆ توانایەکی گەورەیان پەیداکردووە بۆ بەرەنگابوونەوەی جیهانگیری سەرمایەداریو توانای هەڵخڕاندنی جەماوەری گەورەیان پەیداکردووەو بۆرژوازی بەنیگەرانییەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.





## دووەم/ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە بەشدارەکان.

جگە لە بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستیو ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بزووتنەوەکانی لاوانو خوێندکاران، بزووتنەوەی ژنان، ژینگە پارێزان، بزووتنەوەی جووتیارانو موزاریعەکان، بزووتنەوەی بازرگانانو پیشەوەرانی بچوكو. . تاد بەشدارییان کردووە لەناڕەزایەتی دەربڕین بەڕووی جیهانگیری سەرمایەداریو سیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێداو بەشداری فەعالانەیان هەبووە لەبزووتنەوەی دژی سەرمایەداریدا، لێرەدا بەکورتی لەسەر هەریەك لەوانە دەدوێین:

### 1/ بزووتنەوەی لاوانو خوێندکاران:

خۆپیشاندانو خرۆشانە جەماوەرییەکانی خوێندکارانو لاوان لەساڵی 1968دا لەئەوروپا نیشانەی دەستپێکرنی یەك ئاڵوگۆڕی گەورەبوون: چیتر زانکۆکانو پەیمانگاکانو خوێندنگاکان بەتەنها نەوەی تازە پێگەیشتووی شارەزاو لێهاتووی بۆرژوازی بەرهەم ناهێنن، بەڵکو خەسڵەتی زاڵیان بووە بەپێگەیاندنی نەوەی نوێی چینی کرێکار کە سبەینێ دەبێ، بەو شارەزاییو لێهاتوویییەی بەدەستیان هێناوە، هێزی کاری خۆیان بەبۆرژوازیو کۆمپانیاکان بفرۆشن. لەم واقعیەتە بابەتیو چینایەتییەوە بزووتنەوەی خوێندکارانو لاوان چ بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر خراپی باری خوێندنو فێربوونی زانستو تەکنەلۆژیای نوێو چ بۆ ناڕەزایەتی نیشاندان بەرامبەر بەتەبدیل بوونیان بەکۆیلەی کاری بەکرێ لەسبەینێدا، گوڕو تینێکی کۆمەڵایەتی تازەی پەیداکردووە.

کەمکردنەوەی خەرجییەکان لەلایەن حکومەتە ڕاستڕەوە لیبرالەکانەوە لەبواری پەروەردەو فێرکردنداو هێرش بۆسەر دەسکەوتەکانی خوێندکارانو ڕێکخراوبوونیانو ئازادییەکانیانو. .. تاد ڕاستەوخۆ بزووتنەوەی خوێندکارانو لاوانی خستۆتە بەرامبەر کەمپی لیبرالیزمی نوێو جیهانگیری سەرمایەدارییەوە.

لەلایەکی ترەوە داسەپاندنی مەرجە دیلهێنەکان لەلایەن صندوقی دراوی نێودەوڵەتیو بانکی نێودەوڵەتییەوە بەسەر وڵاتانی هەژارو تازە پێگەیشتوواو ناچارکردنی حکومەتەکانی ئەو وڵاتانە بەسیاسەتی (چاکسازی هەیکەلی)و کەمکردنەوەی خەرجی دەوڵەت بۆ خوێندنو پەروەردەو خصوصی کردنەوەی ئەو مەیدانە، بزووتنەوەکانی خوێندکارانو لاوانی هانداوە تا بەرامبەر ئەو دامەزراوە جیهانییانەی سەرمایەداری نارِەزایەتی دەربڕنو تارادەیەك چارەنوسی خۆیان بەچارەنووسی چینی کرێکارو بزووتنەوەی کرێکارییەوە گرێبدەنەوە، باشترین نمونەش لەم بارەیەوە بزووتنەوەی خوێندکارانو لاوانی کۆریای باشوورو ئاوێتەکردنی نارِەزایەتییەکانیانە لەگەڵ نارِەزایەتیو خۆپیشاندانەکانی کرێکارانی کۆریاو رێکخراوەکانیاندا.

لەبەرئەوە بزووتنەوەکانی خوێندکارانو لاوان بەشدارییەکی چالاکانەیان هەیە لەنارِەزایەتی دەربڕین دژ بەکەمپی لیبرالیزمی نوێو جیهانگیری سەرمایەداریدا، زۆری ژمارەی لاوانی خوێن گەرمو چالاکییە مەیدانییە جۆربەجۆرەکانیان لە بزووتنەوەی دژی سەرمایەداریدا گورِو تەکانێکی گەورەی بەخشیوە بەو بزووتنەوەیە.

### 2/ بزووتنەوەی ژنان

بەشێکی گرنگی هێرشی حکومەتە لیبرالەکان بۆ سەر ژنانو دەسکەوتو مافەکانیان بووە، شکانەوەی باری ئەزمەی سەرمایەداری بەسەر ژنان بەگشتیو ژنانی کرێکار بەتایبەتی، بەکاڵابوونی زیاتریانو بازرگانی کردن بەلەشیانەوەو بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج لەو بوارەداو پێکهاتنی چەندین کۆمپانیای زەبەلاح بۆ دیعایەو پرِوپاگەندەی سێکسی، گەشەی کۆنەپەرستی دینیو پیاوسالاریو .. تاد، ئەوانەو زۆر هۆکاری تر بەشێکی گرنگی بزووتنەوەی ژنانی کردووە بەنەیاری جیهانگیری سەرمایەداریو کەمپی لیبرالیزمی نوێو،





کردوویەتی بەبەشدارێکی چالاکی نارِەزایەتیو خۆپیشاندانە گەورەکان دژ بە بۆرژوازی جیهانیو پارێزەرانی ستەمو بێمافی لەسەر ژنان.

### 3/ پیشەوەرانو بازرگانانی بچووك

گەشەی خێرای دەسەڵاتی سەرمایەی گەورە بەسەر سەرمایەی بچووکداو بەکاربردنی تەکنیكو تەکنەلۆژیای نوێو فراوانکردنەوەی هەرچی زیاتری دەسەڵاتی سەرمایەی گەورە لەبواری بەرهەمهێنانو ئالوگۆرِو بازرگانی کردنو ساغکردنەوەی کاڵاکاندا، پێکهاتنی کۆمپانیا فرەرِەگەزەکانو زاڵبوونیان لەهەموو دنیادا تاهاتووە بواری لەچالاکیو هەڵسوورِانی سەرمایەی بچوكو کاری پیشەوەری تەنگکردۆتەوەو سەرمایەی بچوکی شکست پێهێناوەو قووتیداوە، کاری پیشەوەری نابووت کردووەو خاوەنەکانیانی لەهەموو ملکایەتیو ئامرازێك داماڵیوە. هەروەها دەسەڵاتی زۆرتری کۆمپانیاکان بەسەر بازارِدا، بازرگانانی بچووکی لەبازارِ کردۆتە دەرەوەو فرِێیداونەتە پەراوێزی کۆمەڵەوە.

ئەو چینو توێژە کۆمەڵایەتییانە رێگایەکیان لەبەردەمدا نەماوەتەوە جگە لەوەی بەرامبەر دەسەڵاتی کۆمپانیا فرەرِەگەزەکانو دامەزراوە گەورەکانیان نارِەزایەتی دەربڕنو لەرِوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە هەم بیانەوێ دەسکەوتەکانو جێشوێنی پێشوویان بپارێزن هەم بەرامبەر وەزعیەتی ئێستایانو نالەباریو نابووتی ژیانیان دەنگ هەڵبرِن. بۆیە دەبینین ئەمانیش لەبزووتنەوەی دژی سەرمایەداریدا بەشدارنو ئومێدیان پێوە گرێداوەتەوە.

### 4/جووتیارانو موزارعەکان

یەکێك لەخەسڵەتە پایەدارەکانی نیزامی سەرمایەداری ناکۆکی نێوان پیشەسازیو کشتوکاڵ بووە. لەسەردەمێکدا کە دەسەڵاتی ئەو نیزامە بەسەر هەموو گۆی زەویدا زاڵبووە، پێشبرِکێو کێبەرِکێی نێودەوڵەتی سەرمایە لەسەر ئاستی دنیا بەقازانجی تەواوی سەرمایەی ئیحتکاری شکاوەتەوە، هەروەها بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو

لەبواری كشتوكاڵو پەرەسەندنی لەڕادەبەدەری ئەندازیاری بۆ ماوەكـان(الهندسة الوراثية) لەو بوارەداو... تاد لەم سەردەمەدا ئابوری سروشتیو كشـتوكاڵی پێشـوو نـابوت بـووە، هەڵگرتنی حیمایەی گومرگیو ئاوەڵاكردنی سنورەكان هەرچی زیاتر ئەمەی قوولكردۆتـەوە، بەتایبەتی لەووڵاتانی دواكەوتوی سەرمایەداریدا. جووتیارانو موزارعـە بچووكـەكان پـەیتا پـەیتا لـەبازاڕ كراونەتـە دەرەوەو لەملكایـەتی زەوی دامـاڵراونو سـەرچاوەی بژێـوی گوزەرانیان لەدەستداوە. هەڵبەت ئەمە یاسایەكی لەمێژینـەی نـیزامی سـەرمایەدارییە بـەڵام دیارە سیاسەتەكانی لیبرالیزمی نوێو ئابووری بازاڕی ئازاد بەخێراییەكی زۆر گـەورە ئـەو یاسایەی بێڕەحمانە جێبەجێكردووەو لەسەر ئاستی دنیا ژیانی ملیۆنـەها كەسی نـابوت كـردووە، هـەر ئەمەیە وایكـردووە موزارعـەكانو جووتیارەكـان دژی ئـەو سیاسـەتو كاركردانـەی جیـهانگیری سـەرمایەداری بووەسـتنەوەو بـەرەنگاری ببنـەوە، بەشـداربن لەناڕەزایەتییە جیهانییەكاندا دژی ئەو بەرەیەو ئومێدی خۆیانی پێوە گرێبدەنەوە.

## 5/ ژینگە پارێزان

مەسەلەی پاراستنی ژینگەو دووركەوتنەوە لە پیسبوونی ئاوو هەوا یـەكێك لـەو مەسـەلە سەرەكییانەیە كەیەخەی بەمرۆڤایەتی لەم قۆناغە دیاریكراوەی گەشەكردنی خۆیـدا گرتـووە. ئیتر كاتی ئەوە هاتووە مرۆڤایـەتی بەبەرنامـەوە كـەڵك لەسـەرچاوەكانی كەرەسـتەی خـاوو ووزەو ڕووەكو گیانـەوەران وەربگرێـتو بەبەرنامـەوە بـۆ بـەرەو پێشـبردنی شارسـتانیەت تێبكۆشـێ، بەپێچەوانەشـەوە ئـاژاوەی بەرهەمـهێنانو خراپـی بـەكارهێنانو كێبـەركێی نێودەوڵەتی بۆ وەدەستهێنانی زۆرتریـن قـازانج لەسـەر حسـابی سروشـتو ژینگـە ئاكـامی كارەساتباری لێدەكەوێتەوەو دوور نییە گشت مرۆڤایەتی لەناوبەرێت.

ئەو جەنگەی مرۆڤ بەرامبـەر سروشـت ڕایگـەیاندووە ئـەبێ بگـۆڕێ بەكـەڵكوەرگرتن لەسروشتو تواناى ناسینی یاساكانی.





یەكێك لـەو ئاكامە ترسناكانە كەبەهۆی ئەو جەنگەوە ڕووبـەڕووی مرۆڤایـەتی بووەتـەوە گـەرمبوونی ئاووهـەوای گـۆی زەوییـە(Global Warming) ئـەم گەرمییـە بـەهۆی بڵاوبوونـەوەی گـازی دووەم ئۆكسـیدی كـاربۆن($CO_2$)ەوە بەهـەوادا دەسـتی پێكـردووە، لـەماوەی 200سـاڵی ڕابـووردوودا ئاسـتو لیڤڵـی ($CO_2$)بـەرێژەی 30٪ لەسروشـتدا بەرزبۆتـەوەو ئەمـەش پلـەی گـەرمای گـۆی زەوی لـە 0.03 وە بـۆ 0.6 لـە 100 سـاڵی ڕابردوودا بەرزكردۆتـەوە. هـۆی بڵاوبوونـەوەی زیاد لـەپێویستی ئـەو گـازە بـەكارهێنانی خـەڵووزو نەوتـە لـەبواری پیشەسـازیداو بـەكارهێنانی مادە دەرهێنراوەكـانی ئەوانیـە لەبوارەكانی تری ژیانداو وەكو گواستنەوەی كەلوپەلەكانو.. تاد.

ئەم بەكارهێنانە ناسروشتییەی گازی $CO_2$ بۆتە هۆی ئەوەی سروشت نەتوانێ ئـەو گـازە بمژێتو بەكاری بێنێتەوە. لەلایەكیترەوە مرۆڤ نـەك یارمـەتی سروشـتی نـەداوە تـاكو ئـەو كارەبكات لەرێگـەی دار ڕووانـدنو پـەروەدان بەسـەوزەیو دارسـتانەكانو.. تـاد بـەڵكو بەپێچەوانەوە دارو درەختی دارستانەكانی بریوەتەوەو لەناویبردووە.

لەبەرئەوە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بۆتە هۆی گۆڕینی ئـاوو هـەوا لەسـەرجەم گـۆی زەویدا. هەردوو قوتبە سەهۆڵییەكانی باكورو باشووری گۆی زەوی بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە ساڵانە بەرووبەری ووڵاتێكی وەكو هۆڵەندا شاخە سـەهۆڵەكانی دەتوێنـەوەو ئەمەش ئاستی ئاوی دەریاكـانی لـەنێوان 10–15سـم دا بەرزكردۆتـەوە، هـەندێك ناوچـەی لەدنیادا ساردترو شێدارتر كردووەو هەندێك ناوچەی تر گەرمو ووشكتر.

بێگومان بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لەماوەی 20ساڵی ڕابردوودا واتە لەسەرەتای دەیەی هەشتاكانی سەدەی ڕابردووەوە بەئاشكرا ئاكامە ترسناكەكانی دەركەوتووە.

بـەپێی ڕاگـەیاندنی زاناكـان ئەگـەر لیڤـڵو ئـاوی ئاسـتی دەریاكـان بـەڕادەی 60سـم بەرزبێتەوە، ووڵاتانی وەك هۆڵەنداو بەنگلادیش ئاو دایان دەپۆشێو كەنداوەكانی كیشوەری ئەمریكا نامێنن، نایجیریـا دەبێـت بـەبیاباناو.. تـاد زۆر ئاكـامی ترسـناكتری لێدەكەوێتـەوە كەقابیلی پێشبینی نییە.

بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیەو بۆ پاراستنی ژینگە لەناوەڕاستی دەیـەی هەشـتاکانەوە هەوڵی جددی دەستپێکردووەو چـەندین ئۆرگـانی نێودەوڵـەتیو محـەلی دروسـتبوون تـاکو لایەنەکانو ریشەی زانستیو سروشتی ئەو دیاردانەو رۆڵی مرۆڤ تیایدا شیبکەنەوە، چەندین حزبی سەوز دروستبووە کەئامانجی خۆی بەپاراستنی ژینگە داناوە.

هەڵبـەت مەسـەلەکە رۆشـنە: ئـەوە پێشـکەوتنی پیشەسـازی نییـە کـە ئـەم دیاردەیـەی پەرەپێداوەو کردوویەتی بەمەترسییەك بۆ سەر ژیانی مرۆڤایـەتی، بـەڵکو ئـەوە بێبەرنامـەیی بەرهەمهێنانو بەکارهێنانە لەسایەی نیزامی سەرمایەداریدا کەسەنتەری کێشەکەیە. ووڵاتێکی وەکو ووڵاتە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا کەتەنـها خـۆی 25٪ هـەموو $CO_2$ دنیا لـەوێوە بەهەوادا بڵاودەبێتەوە ئامادەنییـە پێـش بـەو کـارە بگـرێو ئـەویش لەبەرئـەوەی خـەرجی تێدەچێو جێگەو شوێنی سەرمایەی ئەمریکی لەبازاڕدا لاوازدەکاتو هەر لەبەرئـەوەش بـوو لەرێککەوتننامەی کیۆتۆ کشایەوە.

لەبەرئەوانە بەشێکی ژینگەپارێزان زیاتر گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی ئابوری بازاڕی ئـازادو سیاسـەتە لیبرالیـەکان زیـاتر ژینگـەیان پیـسو نـابوتکردووەو پێویسـتە پەیوەسـتبن بـەو نارەزایەتییە جیهانیانەوە کە دژی سەرمایەداریو ئەو کەمپە بەرێوەدەچێ.

* * *

بـەو پێیـە دەبینـین بەشـێکی بـەرچاوی رێکخـراوە ناحکومیـەکانNGO، بزووتنـەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستیو چەپەکانو بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـە جۆراوجۆرەکـان، بەئیزافـەی گروپو هەندێك لـە رێکخراوەکـانی هۆمـۆ سـێکچوەڵەکان کەهەسـت بـەزوڵمو سـتەمو هـەڵاواردن دەکـەن، یـان لایـەنگرانی سیاسـەتە ناسـیونالْ چەپـەکانی بـۆرژوازی جیـهانی سێیەمو...تاد دەبینـین هـەموو ئەوانـە لـەژێر یـەك چـەتری هاوبەشـدا کۆبوونەتـەوەو دژی جیهانگیریو لیبرالیزمی نوێی بۆرژوازی نارەزایەتی دەردەبڕن.

لـە کۆتاییدا پێویستە ئـەوە بڵێـین کەبزووتنـــەوەی دژی ســەرمایەداری لەســیاتلەوە دەستیپێکردو تاکو ئێستا چەندین وێستگەی گرنگی لەپراگ، دافوس، یۆتۆبۆری، کیوبـك،





جەنەواو .. بریوە، ئەم دواییانەش بەرشەلۆنەی بەخۆیەوەدی. بەشـداری 500 هـەزار کـەس لەبەرشەلۆنەدا دژی جیهانگیری سەرمایەداریو لیبرالیزمی نوێ، سەلماندی کە 11ی ئـەیلول نەیتوانی پاشەکشە بکات بەم جووڵانەوەو بزووتنەوەیە بەڵکو زیاتر هـانیدا تـا هـێزی خـۆی دژی ئاکامو سیاسەتە ترسناکەکانی ئەمریکاو غەرب هـەڵخرێنێ، بنکـەو بارەگـای لۆکـاڵو محەلی بۆ دابمەزرێنێ.

بەڵام سەرەڕای گرنگیو بایـەخی ئـەم بزووتنەوەیـە دەبینـین هەریـەك لـەتـەرەفو لایەنـە بەشدارەکانی لەروانگـەو گۆشـە نیگـای خۆیـەوە رێگاچارەو بەرنامەو پلاتفۆرمـی خـۆی دەخاتەڕوو یان خواستو داواکارییەکانی بەرزدەکاتەوەو بۆ بەدیهێنانی تێدەکۆشێت.

هەندێك لـەم بزووتنـەوە گەورەیـەدا ئـاڵای شـەڕی دژی سـەرمایەداری بەرزکردۆتـەوەو دژایەتی هەر چەشنە ریفۆرمێك دەکـات لـەدامـەزراوەکانی وەکـو بـانکی دوەلیو صندوقی دراوی نێودەوڵەتیو رێکخراوی بازرگانی جیهانی WTO و .. تاد هەندێکیتر چاکسـازیو ریفۆرمی کردووە بەئەولـەویەتی خۆی، هەندێکیتر بـەرێگاچارەی کۆنەپەرسـتانەوە هـاتووەو بەهەر شێوەیەك بـووە دەیانـەوێ دیفـاع لـەدەسـکەوتو جـێو شـوێنی رابردوویـان بکـەن. بێگومان لـەم جووڵانەوەو بزووتنەوە گەورەیەدا کۆمۆنیستو سۆسیالیسـتەکانیش هاتوونەتـە مەیدانو دەیانەوێ پەیوەندی ریفۆرمو شۆڕش بەدروستی پێکەوە گرێبدەنەوەو ڕادیکاڵیـەتو خەسڵەتی شۆڕشگێڕانە بەو بزووتنەوەیە ببەخشـن. هەڵبـەت لەسـەر هەریـەك لـەوانـە دەبـێ لەداهاتوودا زیاتر بدوێینو باسی تایبەتی بۆ تەرخان بکەین.

ماوەتەوە بەکورتی بڵێم کەکۆنفرانسی سێیەمی بزووتنەوەی بنیات نانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست ـــ عێراق چووە سەر ئەم بزووتنەوەیەو روونیکردەوە کە رێکخراوی ئێمە خۆی بەبەشێك لەبزووتنەوەی دژی سەرمایەداری دەزانـێو لـەم مەیدانـەدا وەکـو رێکخراوێکـی کۆمۆنیسـتو سۆسیالیسـت بـۆ بەرزکردنـەوەی ئـاڵای ئەنتەرناسـیونالیزمو دامـــەزراندنی نیزامێکی سۆسیالیستی خاڵی لەهەر چەشنە دابەشبوونێکی چینایـەتیو چەوسـانەوەی مـرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە تێدەکۆشێ.

## هەندێك لەو سەرچاوانەی بۆ نووسینی ئەم بابەتە کەڵکی لێوەرگیراوە:


1. مانیفێستی حزبی كۆمۆنیست: ماركس – ئەنگلس
2. سەرمایە: نووسینی ماركس: بەرگی یەكەمو دووەم
3. جیهانگیری: نوسینی فوئاد مجید میسری.
4. الأمبریالیة اعلی مراحل الرأسمالیة: لینین
5. الرأسمالیة تجدد نفسها: فؤاد المرسي
6. العولمة والتجارة والعلاقات الأمريكية العربية: لقاء مع توماس فريدمان، الجزيرة نت في 2001/9/5.
7. نشریه نگاه – دفتر چهارم، مقاله: نگاهی به اقتصاد جهانی در أستانەی سال 2000 – مرتضی محیط.
8. بسوی سوسیالیسم ، دوره دووم، شماره پنجم، مقاله: بازسازی سرمایەداری معاصر– جعفر رسا
9. نشریه "سیاست کارگری" شماره:(12 ) مقاله: گلوبالیزاسیون............ نوشته حسن وارش

---

10. Our "Anti-Capitalism" and Theirs. by “jock” from the net site: marxists.com
11. MICHAEL HARDT: PORTO ALEGRE: TODAY'S BANDUNG? - new left review apirl 2002
12. Globalized finance. new left review 8 march-apirl 2001. by john grahl
13. Anti-capitalism: theory and practice - by Chris Harman (from ISJ no. 88 Autumn 2000)
14. global warming- A socialist perspective, by colin penfold apirl 5th 2000, from the net site: marxists.com
15. “Attac News Letter”
16. workers power news leetter
17. The Dictatorship of the Markets? Another World is possible, The opening speech of Bernard Cassen, President of ATTAC, at International Meeting from 24th to 26th June 1999.
18. The “New” Economy and the Labor Movement" by Michael D. Yates , monthly review, V52, num.11. April 2001
19. NAOMI KLEIN: "RECLAIMING THE COMMONS" New Left Review 9, May–June 2001
20. ROBERT WADE :" SHOWDOWN AT THE WORLD BANK" (New Left Review 7, January–February 2001